# پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

---

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

**ناوی کتێب: جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا**
**بابەت: توێژینەوەی سیاسی**
**ناوی نووسەر: بیلال عەبدوڵلا**
**وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵلا کەریم**
**هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: چاپخانەی دلێر**
**تیراژ: 1000دانە**
**ساڵی چاپ: 2016**
**نرخ: 3000 دینار**
**شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1041)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (108)

# جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا

## لە نێوان بژاردەکانی خۆگونجاندن و قەیرانی هاوئاوێتەبوونی نیشتمانی

بیلال عەبدوڵڵا
وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

# پێڕست

پێشەکی..............................................................................9
دینامیکیای ژینگەی سیاسی لیبیای دوای شۆڕش............................16
گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغی......................................................37
جوڵانەوەی ئەمازیغی و شیاندنی پێکەوەهەڵکردن........................53
ئەمازیغەکان و قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی......................73
کۆتایی..............................................................................79

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

روداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە رودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر. لە

ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانـە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکـات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکی ماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرەناملیکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو روداوانەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرەناملیکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

## پێشەکی

سەرەڕای ئەو دەرئەنجامە نەرێنییە زۆرانەی، کە ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی راپەڕین و شۆڕشی جەماوەرییان تێدا رویداوە بەدەستیانەوە گیرۆدە بوون و بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی شەپۆلێك لە ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنی، کە هێشتا درێژەی هەیە، ئەمەش وایکردووە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەنجامە کۆتاییەکانی ئەو شۆڕشانە و ئەوەی بۆ کۆمەڵگەکانیان بەرجەستە کردووە، ببێتە جێی مشتومڕێکی توند، بەڵام ئەوەی ناکرێت مشتومڕی لەبارەوە بکرێت، ئەوەیە کە هەندێك تاقم و گروپ هەن کەڵکیان لە شۆڕشەکانی «بەهاری عەرەبی» وەرگرتووە. سەبارەت بە لیبیاش، کە لە 17ی شوباتی ساڵی 2011دا شۆڕشی تێدا بەرپابوو، پێکهاتەی ئەمازیغی یەکێکبوو لەو گروپانەی لە هەمووان زیاتر سودمەند بوو لە شەپۆلەکانی ئەو شۆڕشە میللییانەی ناوچەکەی گرتەوە.

دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە قەبارەی ئەو دەستکەوتانەی پێکهاتەی ئەمازیغ لە لیبیا لە دوای شۆڕش بەدەستیهێناوە هەرچەند و هەرچییەك بێت، سەبارەت بە پرسی دانپێدانان پێیان وەکو کەمینەیەکی ئیتنیکی و ئەو ئەنجامانەی وەك ماف و دەستکەوتەکان بەهۆی چەسپاندنیانەوە لێوەی بەدیدێت، بەڵام ناکرێت بارودۆخەکە بەراورد بکرێت لەگەڵ بارودۆخی ئەمازیغەکان لەپێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکەدا، ئەو کاتەی رێگەیان پێنەدرابوو تەنانەت بە زمانی ئەمازیغی قسە بکەن، ئەمە جگە لە نکۆڵیکردن لە بوونیان لە بنەڕەتەوە لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەمرۆ (نوری بوسەهمەین) کە یەکێکە لە کەسانی سەر بەو کەمینە ئیتنیکییە، پۆستی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی وەرگرتووە (لە ئاستی پەرلەمان)ە و لە پاڵ پۆستی سەرۆکی حکومەت لە قۆناغی گواستنەوەدا، بە باڵاترین پۆستی سیاسی لە لیبیا دادەنرێت.

ئەو وەرچەرخانەی کە بوونی پێکهاتەی ئەمازیغی لە لیبیا

بە هۆکاری شۆڕش بەخۆیەوە بینیوە، بەبێ زیادەڕۆیی دەکرێت بە پێبازێکی راستەقینە بدرێتە قەڵەم، لە پشتییەوە کاریگەری و گوشارێکی توند لە کارلێککردن ئامادەیی هەبوو، کە دەکرێت دەستەواژەی (جوڵانەوەی ئەمازیغی) بۆ بەکاربێنین. کارلێکەکانی ئەو باڤە ئەمازیغییە لەناو کارلێك و کاریگەرییە ناوخۆییەکانی پەیوەندیدار بە دینامیکیای خودی بزاڤەکەوە فرە و جۆراوجۆرن، لە لایەکیتریش کارلێککردنی دەرەکی پەیوەندیدار بە پەیوەندی بزاڤەکە بە دینامیکیای ژینگەی سیاسی و پێکهاتەکانی لیبیا بەرجەستە بووە، هەرچەندە هیچکام لەو کارلێککردنانە، ئەگەر ناوخۆیی بێت یان دەرەکی مافی خۆیان پێنەدراوە لە بواری لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، بەڵکو لە بـواری رومالکردنی میدیایی پێویستیشەوە مافی خۆی نەدراوەتێ، ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورەی بەردەم ئەو توێژەرانەیە کە سەرقاڵی کارکردنن لەسەر ئەم پرسە، بەڵام پێش رۆچوونە ناو بازنەی بەرتەسکی تایبەت بە کارلێکە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی ئەمازیغی، دەبینین لە ئەنجامی دیدێکی خێرا بەناو بازنەیەکی فراوانتری تایبەت بەو کارلێککردنانە، پێماندەڵێت رەوشی لیبیای ئەمڕۆ ئاماژە دەکات بۆ دەستەبەربوونی چەند هێمایەکی بەهێز سەبارەت بە هەبوونی قەیرانی پێکەوەهەڵکردن یان پێکەوەگونجانی نیشتمانی، کە دەوڵەتی لیبیا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەو قەیرانەش بەرجەستە بووە لە ئەنجامی وابەستەبوونی کارلێکەکانی ژینگەی سیاسی بۆ چەند فاکتەرێك، کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەرییان هەیە لەسەر یەکپارچەیی دەوڵەتی نیشتمانی لیبیا. بەمەش چڕبوونەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی دینامیکیاکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی بە تەنها بەس نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، کە دەکرێت سەبارەت بە کاریگەری جوڵانەوەی ئەمازیغی لەسەر مەسەلەی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە لیبیا، بەڵام ئەم بابەتە توێژینەوەی بزاڤەکە دەخوازێت بە هۆی دانانی

لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی و ئەو ژینگە سیاسییەی خودی بزاڤەکەی تێدا هەڵکەوتووە، کە هەموو لیبیای گرتۆتەوە.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

لە چوارچێوەی قەیرانی ئەو وڵاتـەدا، ئەم توێژینەوەیە کە لە رێگەیەوە توێژەر هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر دینامیکیای جوڵانەوەی ئەمازیغی لە گۆشەی مەودا و ئاستی خۆگونجاندنی لەگەڵ دینامیکیا بزوێنەرەکانی کارلێککردنی ژینگەی سیاسی لیبیا و کاریگەری نواندنی لەسەر بوونی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە لیبیا. توێژینەوەکە ئەم فاکتەرانەشی دیاریکردووە کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دینامیکیای ژینگەی سیاسی لە لیبیا بە هۆی قۆناغی دوای شۆڕش، کە بە ئاست و پلەی جیاواز خۆی لە ئاڕاستەی هەبوونی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە لیبیا دەبینێتەوە و بەندە بە کاریگەری (4) فاکتەری سەرەکییەوە، ئەوانیش بریتین لە: ئایین، خێڵایەتی، ناوچەگەرێتی، چەك.

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی گرنگیپێدانی توێژەر بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو گۆڕانکاری و دەرئەنجامانەی (بەهاری عەرەبی) دروستیکردووە، گۆڕانکاری لە بارودۆخی کەمینەکان لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە شۆڕشی جەماوەرییان تێدا بەرپاکراوە، هەروەها کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر کایەی دەوڵەتی نیشتمانی ئەو کێشە و گرفتانەی سەبارەت بە پێکەوەگونجانی نیشتمانی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەروەها گرنگی توێژینەوەکە دەچێتە چوارچێوەی هەوڵدانی توێژەر بۆ بەشداریکردن لە بەدیهێنانی هەندێك مەعریفەی

کەڵەکەبوو لەبارەی لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا بە تایبەتی. خەریکە توێژینەوە پەیوەندارەکان لەسەر ئەو کێشەیە نامێنێت، کە لە دوای شۆڕشەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. پێشتریش توێژەر، لە توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەدا سەبارەت بە باسکردنی جوڵانەوەی ئەمازیغی لە گۆشەی دینامیکیا ناوخۆییەکانیەوە ئاماژەی بۆ کردووە، ئەگەر بکرێت ئەم دینامیکیانە کێشەی پێگەوەگونجانی نیشتمانی بەردیدە بکەن، ئەوا وادەکات کێشەی ئەمازیغی ببێتە کۆسپێك لەبەردەم پرۆسەی ئەگەری دروستبوونی گۆڕانکاری دیموکراسی لە لیبیا، یان بە پێچەوانەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم توێژینەوەیە فۆکس دەخاتە سەر ئاستی توانای جوڵانەوەی ئەمازیغی لە خۆگونجاندن و هەڵکردن لەگەڵ ئەو چوار فاکتەرەی کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر دینامیکیای ژیانی سیاسی لە لیبیا لەلایەك، لە لایەکیتریشەوە ئەو توێژینەوەیە لە کۆتاییدا دەچێتە سەر باسکردنی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە وڵاتی لیبیا بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەش لە رێگەی لێکۆڵینەوەی کێشەی ئەمازیغی لە لیبیای دوای بەرپابوونی شۆڕش.

**سێیەم: گریمانەیی توێژینەوەکە**

دینامیکیاکانی ژیانی سیاسی لیبیا پەیوەستە بە کاریگەرێتی چەند فاکتەرێك کە بوونەتە هۆی دروستبوونی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە لیبیا، ئەو قەیرانەی کە پرس و کێشەی ئەمازیغی وەکو کەمینەیەکی ئیتنیکی تێپەڕاندووە، ئەو کەمینەیەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتە کەلتوری و سیاسییەکانی دەدات بە پشتبەستنی بە ناسنامە تایبەتییەکەی، پاشان جوڵانەوەی ئەمازیغی کەڵکی لە قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی وەرگرتووە، هەرچەندە هۆکارە بۆ ئاڵۆزتربوونی ئەو کێشەیە لە لیبیا، ئەوەش

بابەتێکە کە گرفتێکی گەورەی دروستکردووە لەبەردەم بونیادنانی کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر مەرجەکانی بونیادنانی دەوڵەت و فۆرمە دیاریکراوەکانی.

ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئەمازیغەکان کەمینەیەکن دەیانەوێت دەربڕی بوونی خۆیانبن، ، بەڵام هەلومەرجی ژینگەی سیاسی بوارییان پێنادات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە جۆرێك کە لەناو چوارچێوەی نیشتمانی گشتگیردا جێگەیان بکرێتەوە، بۆیە دەبینین هەمان ژینگەش کەوتۆتە ژێر کاریگەری چەندین هۆکار و فاکتەری دژە کۆدەنگی و یەکبوون، لە بەرامبەریشدا شۆڕبوونەوە بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیدا بۆی هەیە چەندین ئەنجامی نەرێنی لێبکەوێتەوە لەسەر ئاستی پێکەوەگونجانی نیشتمانی، ئیتر ئەو دەرئەنجامە لە رێگەی بە باشزانینی گۆشەگیرییەوە بێت (کە بژاردەیەکی ناواقیعی و دوورە)، یان لە رێگەی پەیڕەوکردنی رێڕەوێکی ناجۆر و دژ ی هەولۆتەقەللاکانی بونیاتنانەوەی دەوڵەتێکی نیشتمانی بێت لە لیبیا.

**چوارەم: ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

لە پێناو لێکۆڵینەوە و باسکردنی ئەم کارلێککردنە دووجەمسەرییە، ناوەرۆکی توێژینەوەکە بابەتی شیکردنەوەی سیستمسازی بەکارهێناوە، چونکە دەگونجێت لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا کە شیاوی لێکۆڵینەوە لەسەرکردنە. سیستم بەو واتایەی چەمکێکی سیساسیە لەلایەن (ئێڤید ئیستۆن)ەوە بەمشێوەیە پێناسە کراوە: «بریتییە لە کۆمەڵێك کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە لە ئەنجامی کۆی رەفتاری کۆمەڵایەتی لە رێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتخوازیی بەهاکان لەناو کۆمەڵگەدا دەردەهێنرێت». لەبەر ئەوە ئێمەش هەڵدەستین بە تەوزیفکردنی ئەم چەمکە و جێبەجێکردنی بەسەر ئەو بارەدا کە بۆ خۆی جێی

لێکۆڵینەوە لەسەرکردنە، ئەوەش لە ڕێگەی گۆشەی فۆکسدانان لەسەر ئایتمەکانی ئەو ژینگە سیاسییەی کە لە ناویدا جوڵانەوەی ئەمازیغی دروستبووە، پاشان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئایتمەکانی بزاڤەکە و دەرهاویشتەکانی لە چوارچێوەی کارلێککردنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و کاریگەری نواندنی پێچەوانەی ئەو بزاڤە لەسەر ئەو ژینگەیەی کە ڕۆڵی تیادا دەبینێت. هەروەها توێژینەوەکە مەنهەجی شیکردنەوەی ناوەرۆك بەکاردەهێنێت لە رووی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەندێك بەڵگەنامە و ژمارە و داتای بەدەستهاتوو لە ڕێگەی هەندێك لایەن و ناوەندی چالاکی ئەمازیغییەوە. لە کۆتاییشدا، توێژینەوەکە ناوەرۆکێکی رەخنەگرانەی پەیڕەو کـردووە لە بەدرۆخستنەوەی هەندێك وتاری پرسی ئەمازیغی، بەو شێوەیەش کاریکردووە لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵوەشان و پێکەوەلکاندنی هەندێك دیاردەی پەیوەست بە قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە لیبیا، لە پێناو نیشاندانی ئاستی بەریەککەوتنیان لەگەڵ ئایتمەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە**

سنورە زەمەنییەکانی توێژینەوەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی دەستپێکردن و هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا لە 17ی شوباتی 2011 و رومالّی هەموو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە دەکات، کە کێشەی ئەمازیغی لەو بەروارەوە تاکو کۆتایی ساڵی 2013 بەخۆیەوە بینیوە. هەروەها سنورە شوێنگەرییە(مکانی)یەکان لە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئەمازیغەکان بە تەنها لەناو لیبیا لە توێژینەوەکەدا بەرجەستە کراوە، بەبێ دەرچوون لەو چوارچێوەیەی بۆی دانراوە، ئەوەش لە ڕێگەی تیشکخستنە سەر رەوش و بارودۆخی ئەمازیغەکان لە دەوڵەتانی تری باکوری ئەفریقیا، کە مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە نییە، بەڵکو

تەنها بە شێوەیەکی لاوەکییانە ئاماژەی پێدراوە، لە پێناو خزمەتکردنی مەبەستە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەناو لیبیا، دوای بەرپابوونی شۆڕش و لە چوارچێوەی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانیدا.

**شەشەم: دابەشکردنی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار تـەوەردا دابەشکراوە، جگە لە پێشەکی و کۆتایی. تەوەری یەکەم، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو چوار فاکتەرەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە. هەروەها تەوەری دووەم، باسی گەشەکردن و پێشکەوتنی مێژوویی کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا دەکات، تا دەگاتە قۆناغی ئێستای بوونی پرسی لە دوای شۆڕش، ئەوەش بە مەبەستی داڕشتنی وێنایەکی گشتگیر و کورتکراوە بۆ ڕێڕەوی کێشەی ئەمازیغی و دۆزینەوەی فەلسەفەی مێژوویی لە پشت ئەم گەشەکردنەوە، بەڵام تەوەری سێیەم بە وردەکارییەکی زۆرترەوە باسی دەستەواژەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیا سەرەکییەکانی دەکـات، لە ئەنجامی کارلێککردنی لەگەڵ هەر چوار فاکتەرەکەدا، ئەوەش بە ئامانجی پێوانی توانای جوڵانەوەی ئەمازیغی لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا. لە تەوەری چوارەمدا هەوڵدەدەین تێڕوانینێك بخەینەڕوو بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکانی دینامیکیاکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی لە بۆتەی قەیرانی پێکەوەگونجانی نیشتمانی لە لیبیا. لە کۆتایی باسەکەدا، توێژەر دیدو بۆچوونی تایبەتی خۆی دەخاتەڕوو سەبارەت بەو شێوازەی، کە پێویستە مامەڵەی پێبکرێت لە هەمبەر کێشەی ئەمازیغی بە شێوەیەك کە بە هۆیەوە فۆڕمی پێکەوەگونجانی نیشتمانی بەدی بێت، لە هەمانکاتیشدا مافەکانی پێکهاتەی ئەمازیغ پێشێل نەکرێت و ستەمییان لێنەکرێت.

## دینامیکیای ژینگەی سیاسی لیبیای دوای شۆڕش

لە دوای بەرپابوونی شۆڕش جۆرێك لە فرەیی و زۆرو زەوەندی بەسەر ژینگەی سیاسی لیبیادا زاڵبوو، کە لە هەندێك کاتدا دەگاتە ئاستی پاشاگەردانی، ئەوەش لە رێگەی بەشداربوونی چەند کاراکتەرێکی نوێ لە پرۆسەی سیاسی خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر ئەوانە کاراکتەری ناوخۆیی یان دەرەکـی بن، بەڵام لەوەش گرنگتر و کاریگەرتریش ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەرییان لەسەر ئەو دینامیکییانە داناوە، کە ژینگەی ژیانی سیاسی لیبیایان پێکهێناوە، چونکە ئەم فاکتەرانەن کە سنوری بنەماکانی کارلێککردنە سیاسییەکان و دەرهاویشتەکانی پرۆسەی سیاسی و بونیادنانی دەوڵەت دیاریدەکەن لە لیبیا. لەم روانگەیەوە، ئەم تەوەرە هەوڵیداوە تیشکبخاتە سەر گرنگترینی سیماو دیمەنەکانی ژینگەی سیاسی لیبیا، لە رێگەی باسکردنی گرنگترین فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر ئەو ژینگەیە، واتە دەکرێت ئاماژە بکەین بە کاریگەرێتی فاکتەرەکانی: ئایین، خێڵ، ناوچەگەریی و چەك.

### 1. ئایین

فاکتەری ئایینی لە دوای بەرپاکردنی شۆڕش، وەکو یەکێك لە دیارترین و سەرەکیترین فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر کارلێککردنی سیاسی لە لیبیا دەرکەوتووە، بۆیە رەهەندێکی هەرێمیی گرنگی پەیدا کردووە، بە جۆرێك کە سنوری لۆکاڵیی لیبیای تێپەڕاندووە. فاکتەری ئایینی یەکێکە لە بزوێنەرە سەرەکییە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی گۆڕانکاری و کارلێککردنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا بە شێوەیەکی گشتی. دەرکەوتنی کاریگەری ئەم رەهەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێشوو، بەڵام ئەو وێستگە سەرەکییەی وایکرد فاکتەری ئایینی لە کارلێککردنە هەرێمییەکاندا ببێتە فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکی، تەقینەوە و پەلامارەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001ی ویلایەتە

یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و روداوەکانی دواتر بوو لە چوارچێوەی «شەڕی جیهان لە دژی تیرۆریزم»، کە وایکرد بزووتنەوە ئیسلامییەکان ببنە لایەنێکی سەرەکی و خاوەن رۆڵ لە نانەوەی زۆرێك ئاڵۆزی و پشێوی هەرێمی، بە جۆرێك ئەوانەی لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە کارییان دەکرد راهێنراو بوون و شارەزایی باڵا و قووڵیان هەبوو، ئەوەش رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر دەرکەوتنی کاریگەری ئەو بزوتنەوانە لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دژی هێزە سەربازییەکانی سەر بە قەزافی لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی زۆرێك لە چەکدارە جیهادییە لیبییەکان بۆ ناو خاکی لیبیا بە مەبەستی جەنگان شانبەشانی شۆرشگێڕانی لیبیا، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو جیاوازییە گەورەکە ئەوە بوو، کە ئەو جیهادییانەی تا دوێنێی نزیك لەو گروپ و لایەنە دیارانە بوون کە دەوڵەتانی خۆرئاوا لە چوارچێوەی جەنگی دژی تیرۆریزمدا شەڕییان لەگەڵ دەکردن، بوونە هاوپەیمانانی بەهێزی ئەو دەوڵەتانە لە چوارچێوەی شەڕکردن لە دژی هێزەکانی معەممەر قەزافی.

لە بۆتەی شۆڕشە عەرەبییەکاندا، گروپەکان و بزوتنەوە ئیسلامییەکان دیارترینی ئەو هێزانەیان پێکدەهێنان، کە ببوونە پێشەنگی روداوەکان و دەرکەوتن و هەڵکشانیان لە ژیانی سیاسی ناوچەی عەرەبیدا هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەکان. ئاشکرایە کە زۆرێك لە هێزو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا، بە شێوەیەکی گشتی لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی کاری سیاسیدا بوون، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەدا کە شۆڕشیان تیادا بەرپا بوو، بەڵام لەگەڵ روخانی رژێمە دەسەڵاتدارەکان لەلایەن شۆڕشە جەماوەرییەکانەوە، بە تایبەتی لە میسر و تونس، ئیتر هێزو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی بوونە کاراکتەری سەرەکی لەناو ئەو سیستمی دەسەڵاتە تازانەدا، کە سەرەتا بە قۆناغی گواستنەوە

دەستییان پێکرد، پێشئەوەی هەندێك پاشەکشە بکەن لە پەراوێزی ڕوخانی دەسەڵاتی ئیخوان موسلمین لە میسر، لە ناوەڕاستی ساڵی 2013. گەیشتنی بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی بە کورسی دەسەڵات لە هەریەك لە میسر و تونس، هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی بزوتنەوەی ئیخوان موسلمین لەو هەرێمەدا بە شێوەیەکی گشتی لە سایەی چاودێریکردن و سەرپەرشتی هەندێك هێزی هەرێمیی بە پشتیوانی خۆرئاوا.

لەسەر ئاستی ناوخۆی لیبیا و لە چوارچێوەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کۆمەڵگەی لیبی، ئایین بە بەردەوامی لە ژیانی سیاسی لیبیا ئامادەیی هەبووە و هەیەتی. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە کۆمەڵگەی لیبیا بە شێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی باڵای پێکەوەگونجانی ئایینی و مەزهەبی تایبەتمەندە، چونکە بە نزیکیی هەموو دانیشتوانەکەی موسوڵمانن، بەڵام لەسەر ئاستی مەزهەبی، زۆربــەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی لیبیا شوێنکەوتەی مەزهەبی (مالیکی)ین، جگە لە ئەمازیغییەکان کە زۆرینەیان شوێنکەوتەی مەزهەبی (الاباچی)ین. فاکتەری ئایین بە قوڵی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەسەر کەلتور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی لیبیا دروستکردووە. بەهۆی ئامادەیی بەهێزی ئایین لە فەزای گشتی و کارلێکە سیاسییەکاندا، دۆخی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی بەسەر کۆمەڵگەی لیبیادا زاڵبووە، ئەوەش بارێکە دەتوانین بیگێڕینەوە بۆ ئەو ڕۆڵە مێژووییەی، کە بزوتنەوەی سەنوسی لە ڕابەرایەتیکردنی بزوتنەوەی نیشتمانی گێڕاویەتی لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، پاشان لە بونیادنانی دەوڵەتی نوێی لیبیا. بزوتنەوەی سەنوسی توانی پێگەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سروشتی خێڵەکی کۆمەڵگەی لیبیادا لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیستمی (الزوایا)، بەڵام لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، دەبینین کە دوایین ڕابەرە سیاسییەکانی بزوتنەوەی

سەنوسی لەو سەردەمەدا پاشا (محەمەد ئیدریس ئەلسەنوسی) سەرقاڵبوو بە بانگەوازی ئایینی سەبارەت بە کاروبارەکانی حوکم، بە شێوەیەك کەسیماکانی گەندەڵی سیاسی هەڵگرت، بەو هۆیەشەوە هێزی بناغەیی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەی سەنوسی پاشەکشەی کردو لاواز بوو، تا ئەو کاتەی لە رێگەی ئەنجامدانی کودەتایەك لەلایەن چەندین ئەفسەری سوپای لیبیا بە سەرکردایەتی معەممەر قەزافی لە ئەیلولی ساڵی 1969دا وەك بزوتنەوەیەکی ئایینی و سیاسی لە لیبیا، کۆتایی بە دەسەڵات و هەژموونی (سەنوسی) هێنرا.

لە دوای دەستبەسەرداگرتنی دەسـەڵات لەلایەن قەزافییەوە، کە لەلایەك هەڵگری بیروڕای سۆسیالیستی دژ بە حزبگەرایی بوو، لە لایەکیتریشەوە دژ بە رەوتە ئاینییەکان بوو، بەڵام هەموو ئەمانە رێگر نەبوون لەبەردەم هەوڵدان بۆ بەرجەستە کردنی پێگەی ئایینی و تەوزیفکردنی بە شێوەیەکی میکانیزمییانەی سودخوازی بۆ مەبەستی سیاسی، لەبەر ئەوە لایەنێکی وا دەرنەکەوت کە رۆڵێکی سیاسی کارا و دانپێدانراو ببینێت پاڵپشت بە زەمینەیەکی ئاینی. رەوتە ئیسلامییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی معەممەر قەزافی رووبەڕوی توندوتیژی و داپڵۆسینی توندکرانەوە. دەکرێت بڵێین، کە دیارترینی رەوتە ئاینییەکان لە لیبیا لە سەردەمی قەزافیدا لە کۆمەڵی ئیخوان موسلمین، حزبی رزگاری ئیسلامی، کۆمەڵی (التبلیغ)، بزوتنەوەی تەجەموعی ئیسلامی، کۆمەڵی شۆڕشگێڕی ئیسلامی لیبیا و کۆمەڵێك گروپی سەلەفی و گروپی تەکفیری قەباره بچوك پێکهاتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای هەوڵدانی قەزافی بۆ بەگژداچوونەوەی رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لەلایەك و بەکارهێنانی ئایین لە هەندێککاتدا بۆ خزمەتی ئامانج و مەبەستە سیاسییەکانی لەلایەکیترەوە، بەڵام ئەم کارانە هاوکات لەگەڵ ئامادەیی ئایین لە فەزای گشتی ئەو وڵاتەدا، نەیانتوانی سروشتی لێبوردەیی و ئاشتیخوازانەی کۆمەڵگەی لیبیا لاواز بکەن.

بەهۆی ئەو هەڵوێستە دوژمنكارانەیەی كە رژێمی قەزافی لە بەرامبەر رەوت و بزوتنەوەكانی ئیسلامی سیاسی پەیڕەوی دەكرد، بۆیە ئەو بزوتنەوە هەڕەشەلێكراوانە لە سەردەمی قەزافی، دواجار بوونە پێشەنگی ئەو هێز و لایەنانەی بەشدارییانكرد لە شۆڕش و روخاندنی رژێمەكەی، بە تایبەتی ئەو بزوتنەوانەی كە ئامادەیی بەرچاوییان لەسەر گۆڕەپانەكە هەبوو، بە تایبەتیش ناوی هەریەك لە كۆمەڵی ئیخوان موسلمینی لیبیا و كۆمەڵی ئیسلامی شۆڕشگێڕی لیبیا دەهێنرێت، چونكە رۆڵی كاریگەر و بەرچاوییان گێڕا لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكان و شۆڕشكردن لە دژی رژێمی قەزافی، ئەوەش لە قۆناغی گواستنەوەی سیاسی لە دوای قۆناغی شۆڕش جۆرێك لە رەوایەتی سیاسی بەخشیە بزوتنەوەكانی ئیسلامی سیاسی لە لیبیا. بۆ نموونە كۆنگرەی نیشتمانی گشتی، كە لە تەموزی ساڵی 2012 هەڵبژێردرا، حزبی بونیادنان و گەشەپێدانی سەر بە كۆمەڵی ئیخوان موسلمین بە شێوەیەكی بەهێز خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی لیبیادا نیشاندا و توانی بە (34) نوێنەر بەشداری بكات، كە نیوەیان لە چوارچێوەی لیستەكانی هەڵبژردندا سەركەوتن و نیوەكەی تریان وەك نوێنەرانی سەربەخۆ سەركەوتنیان بەدەستهێنا. هەروەها نوێنەریەتیكردنی رەوتە سەلەفییەكان لە كۆنگرەی نیشتمنیدا گەیشتە نزیكەی (27) نوێنەر، لە نێوانیشیاندا نوێنەرانی حزبی (الوگن)ی سەر بە عەبدولحەكیم بلحاج، ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی شۆڕشگێڕی هەڵوەشاوەی لیبیا هەبوون.

جیا لـەوەش، ژینگەی ناجێگیر و ناسەقامگیری لیبیا ببووە زەمینەخۆشكەری كەشوهەوایەكی گونجاو بۆ چالاكبوونی گروپ و هێزە جیهادییەكان لە لایەكیترەوە. ئەو هێزو گروپە جیهادییانەی لیبیا جۆرێك لە هاوسۆزی هەندێك لایەنی ناو دامودەزگا فەرمییەكانی قۆناغی گواستنەوەیان بەدەستهێنابوو. دەشكرێت بڵێین ئەو هێزو لایەنە ئیسلامییە جیهادییانەی كە لە دەرەوەی دەزگا فەرمییە

نوێکانی لیبیادا کاریپیاندەکرد، ببووە دیارترین سیماکانی قۆناغەکە کە لەگەڵ سیماکانی دینداری سۆفیگەری باو لە کۆمەڵگەی لیبیا بەریەککەوتن، بە تایبەتیش دەستکردنیان بە روخاندنی مەزارگەی ئەولیاو پیاوچاکان. دواتر دەبینین کە ئەم ئامادەییە بەهێزەی ئیسلامییەکان هەندێك بابەتی لە ناوەوە و دەرەوەی لیبیا وروژاند سەبارەت بە هەندێك لەو مەسەلانەی پەیوەستن بەو ئامادەگییەی هێزە ئیسلامییەکانەوە، بۆ نموونە و وەك جێبەجێکردنی شەریعەت و کاریگەرییەکانی لەسەر هەندێك لە لایەن و پێکهاتەکانی لیبیا، بۆ نموونە وەك ئەو ژنانەی کە لەپێش شۆڕش زۆرێك مافیان پێدرابوو، کە رێگەی پێدەدان بەشداریبکەن لە بوارەکانی ژیانی گشتی، بەڵام ئەوە بووە پێچەوانەی تێڕوانین و گوتاری زۆرینەی رەوتە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها ببووە پێچەوانەی تێڕوانینەکانی هەندێك گروپ و پێکهاتەی تری وەك کەمینە خاوەن ئاڕاستە و بیروڕا لیبراڵی و عەلمانییەکان. لەگەڵئەوەی کە تێبینی ئەم بابەتە بە شێوەیەك دەکرا گوایا نەخراوەتە ژێر کاریگەری پەلکێشکردنی توندەوە، وەکئەوەی بۆ نموونە لە تونس و میسر روویدا، پێدەچێت هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ سروشتی لێبوردەیی گەلی لیبیا، هاوکات لەگەڵ ئامادەیی پێگەو کاریگەری ئایین لەسەر بواری گشتی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ سیاسەتدا لەلایەك، لە لایەکیتریشەوە هەبوونی چەند بابەتێکی زۆر گرنگتر، کە هەڕەشە لە بوونی دەوڵەتی نوێی لیبیا دەکەن و وابەستەییان بە ئاسایشی کەسێتی و ژیانی رۆژانەی لیبییەکانەوەهەیە، بابەتگەلێکن کە بەجۆرێك گرنگی مەسەلەی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەبەردەمیاندا کەمبۆتەوە، لە سەرووی هەموو ئەم بابەتانەشەوە، پرسی پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی دەوڵەت و بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و ئاسایشیی لەبەرچاو گیراوە.

پوختەی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە شۆڕشی لیبیا بوو رەوتە ئیسلامییەکانی بە هەموو بیروڕا و بۆچوونەکانیانەوە لە قۆزاخەکانیان دەرهێنا، بەڵام ئەمە بووە ئەو ئاستەنگەی لە قۆناغی داهاتوودا رووبەڕوی کۆمەڵگەی لیبیا بۆوە. شارەزایی مێژوویی ئاماژە دەکات بۆ خۆڕاگری و پشوودرێژی کۆمەڵگەی لیبیا لە بەرامبەر هەموو هـەوڵ و تەقللاکانی ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنی کاریگەری ئایین لەسەر ژیانی کۆمەڵگە، هەروەها ئەو ئاماژانەی تاکو ئێستا بەدەرکەوتوون، هێما دەکەن بۆ بەردەوامبوونی ئەو سیمایەی کە کۆمەڵگەی لیبیا پێی تایبەتمەندە لە رووی رەتکردنەوەی چۆکدادان بۆ کاریگەریی یەکئاڕاستەی ئایینی، ئـەوەش لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی 7ی تەمووزی 2012 بە روونی دەرکەوت، کاتێك هێزو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی رێژەیی پاشەکشەیان کرد، بە بەراورد لەگەڵ چانسی هاوشێوەکانیان لە هەردوو وڵاتی دراوسێ (میسرو تونس). هاوپەیمانیی نیشتمانی بە سەرکردایەتی مەحمود جبریل، کە بە بیروڕا لیبرالییەکانی ناسراوە، (39) کورسی لە کۆی (80) کورسی تەرخانکراو بۆ سیستمی فراکسیۆنەکان بەدەستهێنا، لە بەرامبەر تەنها (17) کورسی بۆ حزبی بونیادنان و گەشەپێدان، ئەوەش بێگومان ئاماژەیەکی گرنگە لەسەر پاشەکشەکردنی هێزە ئیسلامییەکانی لیبیا، بە تایبەتی کە ئەو (120) کورسییەی تر کە بۆ سیستمی تاکەکەسی لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرە تەرخانکرا، شتێکی ئاساییە ئەگەر کاریگەری پێکهاتەی کەسی پاڵێوراو بەرزبێتەوە بە جۆرێك کە سنوری وابەستەییە سیاسیەکەی تێپەڕێنێت، ئەوەش بەپێی ئەو گریمانەیەی کە سروشتی سیستمی تاکەکەسی دەیسەپێنێت، بە پێچەوانەی دەنگدان لەناو سیستمی فراکسیۆنەکان (لیستەکان)، کە دەکرێت ببێتە ئاماژەیەك بۆ پێشخستنە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان لەلای دەنگدەر.

### 2. خێڵەکان

فاکتەری خێڵەکی لە دوای شۆڕش وەك یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستمە سیاسییەکانی لیبیا دەرکەوت، چونکە خێڵ یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، کە بە درێژایی مێژووەکەی ئاوێتەی ژیانی سیاسی لیبیا بووە، بە شێوازێکی راستەوخۆ یان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، ئەوەش یەکێکە لەو راستییە دیارو بەرچاوانەی لە هەر قۆناغێکی مێژووی ئەو وڵاتەدا بەدیدەکرێت، کاتێك لە گۆڕانکاری و رووداوە سیاسییەکانی لیبیا دەڕوانین. ئەم تایبەتمەندییە لە پشتبەستنی بژاردە دەسەڵاتدارەکانی لیبیا بە ریتمی هاوپەیمانێتییە خێڵەکییەکان دەردەکەوێت لە پێناو بەرجەستەکردن و چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتدا، بەڵام تێبینی ئەوەشدەکرێت کە ئەم ئامادەبوونە بەهێزەی فاکتەری خێڵەکی بۆ خۆی خاوەنی نەرمی نواندنێك بووە، کە کاریگەرییەکانی ریزبەندییە خێڵەکییەکانی سنوردار کردووە. بە واتایەکی تر، سەرەڕای ئامادەیی خێڵ لە ژیانی سیاسی لیبیا، لەو روانگەیەوە کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن کاریگەرییە لەسەر ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە، بەڵام ئەو ئامادەگییە لە هەموو بارودۆخەکاندا نەبووەتە هۆکاری رەنگدانەوەی جیاوازی لە قورسایی و قەبارەی هەموو خێڵێك. بۆ نموونە، عومەر موختار رابەری شۆڕشی لیبیا، کە سەرکردایەتی تێکۆشانی گەلی لیبیای کرد لە دژی کۆڵۆنیالی ئیتالیا لە چارەکی دووەمی سەدەی بیست، کاتێك خێڵەکانی خۆرهەڵاتی لیبیا چوونە ژێر فەرمان و سەرکردایەتییە گەورەکەیەوە، بەڵام خودی موختار سەر بە خێڵێکی بچوك بوو، جگە لەوەش بنەماڵەی سەنوسی سەر بە هیچکام لە خێڵە گەورەکانی لیبیا نەبوون، بە هەمانشێوەش معەممەر قەزافی سەر بە خێڵێکی بچوکی لیبیا بوو.

فاکتەری خێڵەکی رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی لە لیبیا، بەو شێوازەش سیستمی پاشایەتی سەنوسی

لە دوای سەربەخۆبوونی لیبیا کاریکرد بۆ بەستنی چەندین ڕێککەوتنی خێڵەکی تا یارمەتیدەر بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، ، بەڵام قەزافی شێواز و ڕێگەی تایبەتی خۆی هەبوو لە رووی ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ خێڵ و هۆزەکان، کە تیایدا ئایدۆلۆژیا رۆڵی گرنگی گێڕا، هەروەك ئەو ڕێککەوتنانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر بونیادی دامەزراوەی سەربازی و دروستکردنی لە لایەکیترەوە. لە ماوەی ئەو چوار دەیەی کە دەسەڵاتی لیبیا بەدەست قەزافیەوە بوو، گۆڕانکاری گرنگ روویاندا، کە کاریگەرییان لەسەر سروشتی فاکتەری خێڵەکی جێهێشت، کۆی ئەو گۆڕانکارییانەش لە سیماکانی نوێگەری لەناو کۆمەڵگەی لیبیا خۆی دەبینێتەوە، لە بەرامبەریشدا هەمانکات قەزافی هەوڵیدا ژیانی لیبییەکان بە خێڵەکی و دەشتەکی بکات، ئەوەش بووە هۆی درووستکردنی ئیشکالیەتێکی گرنگ سەبارەت بە چۆنێتی تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانەی کە فاکتەری خێڵەکی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی قەزافی پێیدا تێپەڕی و چۆن کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە لە روداوەکانی شۆڕشی لیبیادا بەرجەستە بوو.

رژێمی معەممەر قەزافی دوژمنایەتیەکی ئایدۆلۆژی هەبوو لەگەڵ ئەو سیستمە دیموکراتییە نوێنەرایەتیکردنەی کە لە خۆرئاوا پەیڕەو دەکرێت، لەبەر ئەوە لە رووی تیۆرییەوە، تێڕوانینێکی رادیکاڵیانەی زۆر ئاشکرای هەبوو بەرامبەر بە دیموکراسی بەو پێیەی کە «دەسەڵاتی گـەل»ە، واتە تێڕوانین بۆ سەرەتاییترین و پیشەییترین ماناکانی دیموکراسی. لە سایەی ئەستەمبوونی جێبەجێکردنی پراکتیکیانەی دیموکراسی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەك، هەروەها لە سایەی خواستە ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتخوازییەکانی قەزافی لە لایەکیترەوە، دەرئەنجامێکی ئاساییی بوو کە بیرۆکەی حوکمی گەل لە لیبیا تەنها بیرۆکەیەکی تیۆری بێت بەبێ هەبوونی نیەتێك بۆ جێبەجێکردن و گۆڕینی بۆ بیرۆکەیەکی بەئامانج بە مەبەستی بەگەڕخستنی وزە و

تواناكانی گەل تاوەكو ببێتە ئامرازێك بۆ چەسپاندنی ئایدۆلۆژیایەك لە پێناو بەرجەستە كردنی ئیرادەی گەل لە تاكی فەرمانڕەوادا.

هاوكات لەگەڵ ئەوەشد، لیبیا چەندین سیمای نوێگەری و شارستانیبوونی بەخۆیەوە بینیوە كە ناكرێت پشتگوێ بخرێت، بە تایبەتی لە بواری فێركردن، بە جۆرێك كە ژمارەی ئەو كەسانەی دەخوێننەوە و دەنوسن لە كۆی گشتی دانیشتوانی لیبیا یەكێكە، لە رێژە بەرزەكان لەسەر ئاستی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا. هەروەها سەبارەت بە رەوشی ژنان لە كۆمەڵگەدا، لیبیا چەندین نەوەی لە خەباتی چالاكی داكۆكیكردن لە مافەكانی ژنانی بەرێكرد و توێژی ژنان لە كۆمەڵگەی ئەو وڵاتەدا بەشداری بەرچاوی لە بوارەكانی كاری گشتیدا كردووە، كە هەندێكیان لە بۆتەی ئەرك و كارەكانی ژناندا باو نەبوو. بۆ نموونە ژنان لە لیبیا وەك وەزیر و دادوەر و فڕۆكەوان و ئەفسەری پۆلیس و لە چەندین پۆست و بواری دیكەشدا كاریانكردووە. ئەو سیاسەتە نوێگەرییانە لە لیبیا بەدەرنەبوون لە كاردانەوەكانی سروشت و فۆڕمی كۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا، چونكە گەشەكردنی چینی بۆرژوازی بەرهەم و بەرئەنجامی سروشتی ئەو پرۆسە نوێخوازرییە باڵایە بوو، كە قەزافی سەركردایەتی دەكرد، بەڵام مەسەلەی بوونی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی بەهێز (بە مانا فراوانەكەی بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی)، بۆ خۆی رەنگدانەوەیەكە بۆ توانای ئەم چینە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەكانیدا بە جیاواز لە دەسەڵاتی دەوڵەت لەلایەك وەك نموونەیەك لەسەر ئەوەی (جویل مجدال لە كتێبە بەناوبانگەكەی: مجتمعات قویە ودول چعیفە)دا باسی لێوەكردووە، لە لایەكیتریشەوە بووەتە هۆی پاشەكشەكردنی رۆڵی خێڵ لە فەزای گشتیدا، بەڵام هەرچۆنێكبێت، تـەواو نەهاتۆتەدی، چونكە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر سەقامگیری دەسەڵاتی قەزافی تەماشای كراوە، لەبەر ئەوە قەزافی هەوڵیدا بۆ پەكخستنی رەوتی پێشكەوتنی ئاسایی

ئەو پرۆسە نوێگەرییەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵکو رێگەی بەردەم ئەگەری دروستبوونی ئەو رێکخراوە ناوەندیکارانەشی بڕی، کە دەکرا ببوونایە بناغەیەك بۆ رێکخستنەوەی بواری کۆمەڵایەتی وڵات، بۆ نموونە وەك حزبەکان. لە بەرامبەریشدا دەبینین قەزافی کاریکردووە بۆ زاڵکردنی نەریت و سیما خێڵەکی و دەشتەکییەکان بەسەر کەلتوری شارنشینیدا، بە ئامانجی لاوازکردنی نارەزایەتی مەدەنی لە رێگەی پێکهاتەکانیەوە لە خوێندکاران و رۆشنبیران و پیشەوەرەکانی کە سەر بە چینی ناوەندی (بورژوازی) مەدەنی بوون.

دەبوو پێشکەوتنی خۆڕسکی پرۆسەی نوێگەری لیبیا کەلتور و دامـەزراوە مەدەنییەکانی لێوە درووستبوایا، کە دەبوونە هۆی پاشەکشە و لاوازبوونی رۆڵی خێڵ و بەهێزکردنی رۆڵی کۆمەڵی مەدەنی لە بەرامبەر دەوڵەتدا، بەڵام رژێمەکەی قەزافی ئەوەی لە توانایدا بوو کردی بۆ بەدیهێنانی هاوکێشەی «نوێگەریکردن بەبێ هەبوونی نوێگەری»، ئەوەش بووە هۆی هێشتنەوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکان لەناو شارەکانی لیبیا لەپاڵ هەبوونی چینێکی بۆرژوازی خاوەن کەلتورێکی مەدەنییانە، کە نەیتوانی بە شێوەیەکی رێکخراو خۆی بەرجەستە بکات بەو شێوەیەی کە سەربەخۆیی گەشەکردنێکی سروشتی بۆ بەدیبێنێت، کەواتە دەشتەکیبوون لەم چوارچێوەیەدا، دەستەواژەیەکە واتا و لێکدانەوەی کەلتوری خۆی هەیە و پێچەوانەی شارستانی و شارنشینییە، هـەروەهـا دەشتەکیبوون سیفەتێکە دەبەسترێتەوە بە سەروەری ستراکچەرەکان و پەیوەندییە خێڵەکییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش پێچەوانەی ئەو پێکهاتە چینایەتییانەیە کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی نوێگەرییەوە درووست دەبێت.

لەبەر ئەوە، لێرەدا ئێمەباسی لایەنێکی کلاسیکییانە دەکەین لە روبەڕوبوونەوەی نوێگەریدا، چونکە قەزافی هەستا بە بەکارهێنانی لایەنێکی کەلتوریی کلاسیکی، ئەویش لایەنی دەشتەکیبوونە، لە پێناو

هێشتنەوەی هێزی لایەنی کۆمەڵایەتی/ سیاسی کلاسیکی واتە (خێڵ)، لە کاتێکدا شتێکی ئاسایی بوو بەو لایەنە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی نوێگەریدا لاواز ببێت و پاشەکشە بکات لە بەرامبەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تازەی چینە بۆرژوازییەکان، کە هێشتا فۆڕمە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەییەکەی تەواو نەکرابوو، بەهۆی فەراهەمنەبوونی ئازادی لەبەردەمیدا بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنی سروشتی (ئاسایی)، بەو شێوەیەش بوارەکە قەتیسکرا لەسەر بوونی کەلتورێکی مەدەنی تایبەت بەو توێژە کۆمەڵایەتییە تازانە، بەڵام بەبێ هەبوونی پاڵپشتێکی ڕێکخراوەیی بەهێز، چونکە لە کۆتاییدا ڕێکخراوە مەدەنییەکان خرانە ژێر ڕکێفی پەیوەندییە خێڵەکییەکانەوە.

لـەم چوارچێوەیەدا، قەزافی هەوڵیدا بۆ ئـەوەی سەرجەم دامودەزگاکان بخاتە خزمەتی ڕژێمەکەیەوە، بە دامودەزگا لاوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە سەندیکاکان، کە بە فەزایەکی گرنگ دادەنـران و دەکـرا لە ناوییاندا چەندین پێکهاتەی مەدەنی بەهێز سەرییانهەڵبدایە. بەهۆی چەپۆکی بەهێزو خۆسەپێنی ڕژێمەوە، ئەو پێکهاتە مەدەنییە هەڵکەوتووانە لاوازکران بۆ بەرژەوەندی سەروەرکردنی خواستی خێڵەکی، کاتێکیش ڕژێمی قەزافی لەساڵی 1990دا هەوڵیدا سەندیکاکان بەرپرسیار بکات لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەموو ئاستەکاندا، جگە لەوەش بەرپرسیارێتی لیژنە میللییەکان لەبەردەم کۆنگرەی میللی بگرێتە ئەستۆ، بەو هۆیەوە وابەستەیی خێڵەکی لەو سەردەمەدا بەسەر کاری سەندیکاکاندا زاڵبوو، کە لە ئەنجامدا شکستهێنانی ئەزموونەکەی لێکەوتەوە و جارێکیتر دووبارە نەبۆوە. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە پرۆسەی نوێگەری لە لیبیا هۆشیارییەکی مەدەنییانەی بەزێنەری لە سەرووی وابەستەییە خێڵەکییەکانی ژێرەوەی بەرهەمهێنا (وابەستەیی خێڵەکی یان ناوچەگەریی و...هتد..)، بەڵام ئەم هۆشیارییە بواری

ئەوەی بۆ نەڕەخسا تاكو بخرێتە ناو قاڵبی بە دامەزراوەییبوونەوە، بەو هۆیەشەوە هۆشیارییەكە كاریگەرێتی سیاسی خۆی لەدەستدا، لەبەر ئەوە مەترسیدارترینی ئەو هەڕەشانەی لە ناوخۆدا بەرەنگاری رژێمی قەزافی بوونەوە، لە باكگراوندێكی خێڵەكییەوە سەریانهەڵدا، بێگومان ئەوەش پاڵی پێوەنا سیاسەتێكی ئەمنیی پاڵپشتیكراو بە فۆڕمێكی خێڵەكییانە پەیڕەو بكات، لە ئەنجامیشدا سەركردایەتییە سەربازی و ئاسایشییەكان لە دەستی ژمارەیەكی كەمی ئەو خێڵانەدا كۆكرانەوە، كە سەر بە قەزافی بوون. بە شێوەیەكی گشتی، سیاسەتە پەیڕەوكراوەكانی قەزافی كارییانكرد لەسەر دۆزینەوەی دۆخێكی پڕ لە كێبڕكێكاری و دوژمنایەتی لە نێوان خێڵەكانی لیبیا لەلایەك، لە لایەكیتریشەوە هەوڵێك بوو بۆ جڵەوكردنی كاریگەرێتی ئەو ویستە خێڵەكییە لەسەر سەقامگیری رژێمی قەزافی.

لەسەر ئەم بنەمایەش، هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا لە جەوهەریدا روداوێكی مەدەنی ئاشتیخوازانە بوو، بەڵام بەهۆی ئەو رەوشە عەسكەرتارییەی كە رژێمی قەزافی لەرووی مامەڵەكردنی لەگەڵ شۆڕشەكەدا سەپاندی، دواجـار شۆڕش ئاڕاستەیەكی چەكداریی وەرگرت، ئەوەش فاكتەرێك بوو بۆ سنورداركردنی كاریگەریی و رۆڵی رابەریی و پێشەنگانەی شۆڕشی لیبیا. لە بەرامبەریشدا پشتبەستنی شەڕ و پێكدادانە سەربازییەكان لەسەر رەگەزی نێرینە و پێویستبوون بە رێكخستنی ریزەكان و بەدیهێنانی ئامادەكاری و جۆشدانی گشتی و تیژكردنەوەی گیانی بەرخۆدان و شەڕكردن، خواستی پەنابردن و گەڕانەوەی بۆ خێڵ سەپاند وەك بناغەیەك بۆ خۆرێكخستنەوەی سیاسی لە لیبیا، بە جۆرێك كە سنوری قورسایی سیاسی حێڵی تێپەڕاند، لە كاتێكدا بە شێوەیەكی رێژەیی لاواز ببوو لە ئەنجامی گەشەكردنی هۆشیاری مەدەنی لە سەرووی هەموو وابەستەییە خێڵەكییەكان لەناو ریزەكانی زۆرێك لە خەڵكی لیبیا بە درێژایی چوار دەیەی

رابردوو. پاشان ئەو فرەجۆرییە سیاسیەی لیبیا بەخۆیەوە بینی، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەك و نەبوونی پێکهاتنی نیشتمانی، کاریگەرێتیەکی سیاسی زیاتری فاکتەری خێڵەکی لێوە بەدیهات. هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە، قەزافی دەستیکرد بە پیادەکردنی خووەکەی بۆ بەکارهێنانی خێڵەکان لە شەڕە سیاسییەکانیدا، بەڵکو هەندێك لە خێڵەکانی تۆمەتبار دەکرد بە وەستانیان لەپشت هەڵگیرساندنی شـۆڕشـەوە، ئـەوەش بە مەبەستی درووستکردنی دابەشبوونی خێڵەکی، لە بەرامبەردا ئەوەی زیاتر جێگەی گرنگیپێدان بوو، ئەوەیە ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لیبیاش، کە خۆی وەك رابەری سیاسی شۆڕش راگەیاند، بە هەمانشێوە خێڵەکانی بەکارهێنا لە پێناو داماڵینی شەرعییەتی خێڵەکی لە رژێمەکەی قەزافی، ئەوەش لە هەوڵدانەکانی ئەنجومەن بۆ راکێشانی خودی خێڵی (قەزازفە)، واتە خێڵەکەی معەممەر قەزافی بەلای خۆیدا بە روونی بەرجەستە بوو، لە هەوڵێکدا بۆ لەباربردنی ئەو هەوڵانەی قەزافی دەیـدان بۆ تەوزیفکردنی فاکتەری خێڵەکی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا. بە دیوێکی تریشدا کاریگەرێتی فاکتەری خێڵ لە ئەنجامی راپەڕینی خێڵی (العبیدات) بە روونی بەرجەستە بوو بەهۆی کوژرانی ژەنراڵ عەبدولفەتاح یونس، سەرۆکی ئەرکانی سوپای لیبیا لە 28ی تەموزی 2011دا، کە لە رژێمی قەزافی هەڵگەڕابۆوە، ئەوەبوو خێڵەکەی ژەنراڵ عەبدولفەتاح (خێڵی العبیدات) لە بەیاننامەیەکی هەڵچووانەی توندا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژەکانی بەهۆی سستی دەسەڵاتی دادوەری لەو بارەیەوە، ئەو دەرئەنجامەش بەلای زۆرێك خەڵکی لیبیاوە دەبووە هۆکارێك بۆ پەرەسەندنی روداوەکە بۆ ململانێیەکی چەکداری لە ناوچەی خۆرهەڵاتی لیبیا.

لە دەرئەنجامی ئەو روداوانە دەگەینە ئەو راستیەی، کە قەزافی کاریکردووە لەسەر وروژاندنی هەستی حێڵەکی لەجیاتی بەدیهێنانی

پێکەوەهەڵکردنی نیشتمانی، ئەو هەنگاوەشی لە رێگەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەستی خێڵەکی و داماڵینی لە رۆڵە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی هەڵێنا، واتـا خێڵی لە پارێزگاری ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە گۆڕی بۆ چاودێرێك بەسەر ئازادییەکانەوە، لە لایەکیتریشەوە کاریکرد بۆ دنەدان و جۆشدانی کێشە و هەستیارییە خێڵەکی و ناوچەگەرێتییەکان. ئەو سیمایە هاوکات لەگەڵ روخانی رژێمی معەممەر قەزافی بووە ئاستەنگێکی گەورە و وایکرد فاکتەری خێڵەکی لە پەراوێزی روداوەکاندا ئامادەبوونی بەرچاوی هەبێت، ئەمە لە جگە لە دەست و پەنجە نەرمکردنی لەگەڵ ژمارەیەك فاکتەری تری وەك: فاکتەری ئایینی، فاکتەری ناوچەگەری، فاکتەری ئیتنیکی و دیاردەی عەسکەرتاریی و بڵاوبوونەوەی چەك.

**3. ناوچەگەرێتی**

رەوەنـدی ناوچەگەرێتی لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا بووەتە سەرچاوەی ناسەقامگیری لەسەر گۆڕەپانی ژیانی سیاسی لە لیبیا، بە تایبەتی کاتێك کە کارایی و کاریگەری ئەو فاکتەرە دەرکەوت لەسەر ئاڕاستەکردنی قیبلەنومای هەڵسوکەوتی ژمارەیەك لە کاراکتەرە سیاسییەکانی لیبیا. رەوەندی ناوچەگەرێتی لە بواری کارلێککردندا دوو ئاستی هەیە:

ئاستی یەکەم: ئەم ئاستەیان فراوانترە و لە پەیوەندی نێوان سێ هەرێمە گەورە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی لیبیا، یان لە پەیوەندی هەر یەکێك لەو هەرێمە گەورانە بە دەوڵەتی ناوەندییەوە خۆی دەبینێتەوە.

ئاستی دووەم: ئەمەیان ئاستێکی بەرتەسکتر و خوارترە لە ئاستی شارەکان و ناوچەکان، لەرووی پەیوەندییەکانیان لە نێوان خۆیاندا، یان پەیوەندی هەریەکێکیان بە حکومەتی ناوەندی لیبیاوە.

لیبیا لە مێژوودا لە (3) هەرێم پێکهاتووە، ئەوانیش بریتیبوون لە:

بورقە لە خۆرهەڵات، تەرابلوس لە خۆرئاوا، فەزان لە باشور. لەسەر ئەم بناغەیەش دەوڵەتی لیبیای دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی، لە ساڵی 1951دا دامەزرا و فۆرمێکی فیدراڵی وەرگرت، بەڵام لەگەڵ هەوڵدان بۆ دارِشتنی داب و نەریتەکانی دەوڵەتێکی نیشتمانی، لە ساڵی 1963وە کارکرا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو فۆرمە فیدراڵیە، ئەوەبوو بـڕاردەی سیاسی هەستیان بە بوونی کەموکوڕییەکانی سیستمی فیدراڵی و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی کرد لەسەر پلاندانانی ناوەندی و پرۆسێسی درووستکردنی بڕیار، بە تایبەتی لە دوای دۆزینەوەی نەوت و هەنگاونان بۆ پشتپێبەستنی لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی گەشەپێدانێکی گشتگیر بە جۆرێك کە لیبییەکان لە گێژاوی هەژاری دەربهێنێ و لیبیاش بخاتە سەر رێگەی نوێبوونەوە و نوێگەری. بەم هەنگاوانە لەو سەردەمەوە لیبیا بووە دەوڵەتی یەکگرتووی ئاسایی، نەوەك دەوڵەتێکی فیدراڵی. سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵیەت، هەرێمی تەرابلوس بە جیاواز لە هەردوو هەرێمەکەی تر پارێزگاریکرد لە هێشتنەوەی پێشەنگی و مافی خۆی پەیوەست بە پشکی لە گەشەپێدان و بودجەی دارایی و چەند بوارێکیتر. ئەم تایبەتمەندێتیە رەنگدانەوەیەك بوو بۆ قورسایی رێژەی دانیشتوانی ئەو هەرێمە، ئەمە سەرەڕای پێشکەوتنی لە بواری شارستانی و ئاوەدانکردنەوەدا بە جۆرێك کە زۆر پێش هەرێمی (بورقە)ی خۆرهەڵات و هەرێمی (فەزان)ی باشور کەوت. ئەم تایبەتمەندییەی تەرابلوس هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی قەزافی بۆ سەر کورسی دەسەڵات، هەنگاوی زیاتری بەرەو پێشەوە هەڵگرت، بەڵام ئەو پەراوێزخستنەی بەرامبەر هەرێمەکانی تر پیادە دەکرا، سیمایەکی زۆر دیاربوو. لە راستیدا ئەو پەراوێزخستنە دابەشبوون و دوورکەوتنەوەی نێوان (3) هەرێمە گەورەکەی قووڵتر کـردەوە، ئەوەی لەوەش زیاتری دابڕانی نێوانیانی قووڵتر کردەوە داهاتی نەوت بوو، کە ببووە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی دەوڵەتی

لیبیا، سەرچاوەکەشی بریتیبوو لە کێڵگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی وڵاتەکە، بەڵام ئەم بابەتە ڕێگەی خۆی نەدۆزییەوە بۆ جێبەجێکردن لە سیاسەتە گشتییە پەیڕەوکراوەکانی حکومەتی قەزافی بەرامبەر بە ناوچەی خۆرهەڵاتی دەوڵەمەند بە نەوت.

کاریگەری ئەو جیاکارییە ناوچەگەرێتیە لە چەخماخەی شۆڕش لە دژی ڕژێمی قەزافی دەرکەوت، کاتێك یەکەمجار لەو هەرێمە خۆرهەڵاتیەوە لێیدا، دواتریش گوازرایەوە بۆ ناوچەو هەرێمەکانی تری لیبیا. کاریگەری ئەو کاردانەوەیە لە سروشتی ئەو خواست و داواکارییە سیاسییانەی فۆرمێکی ناوچەگەرێتییان هەبوو لە دوای روخاندنی رژێمەکەی قەزافیەوە بە روونی دەرکەوت، کاتێك خەڵکی شاری بەنغازی لە خۆرهەڵات داوایانکرد شارەکەیان بکرێتە پایتەختی دووەمی دەوڵەتی لیبیا، لە لایەکیتریشەوە شاری میسراتە، کە رۆڵێکی گەورە و بەرچاوی لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەدا گێڕا کە بوونە هۆی روخاندنی دەسەڵاتی قەزافی، داوای پشکی خۆی لە حکومەت کرد، بە تایبەتیش داواییکرد پۆستی سەرۆك وەزیران ببێتە پشکی میسراتە.

ئەم رەهەندە ناوچەگەرێتیە لە لیبیا بە شێوەیەکی روونتر لە داواکردنی سیستمی فیدراڵی خۆی دەبینێتەوە، کە بووە هۆی ئەوەی ویلایەتی بورقە تاکلایەنە لە ئاداری 2012دا هەرێمی فیدراڵی خۆی رابگەیەنێت. داواکردنی فیدراڵیەت تاودانێکی گەورەی بەخۆوە بینی بەهۆی گواستنەوەی داواکارییەکە لە ئاستی گوتاری سیاسییەوە بۆ ئاستی بەرجەستەکردنی لەسەر زەوی بەشێوەی چەندخواستێکی سیاسی توند. ئەوەبوو داخوازیکارانی فیدراڵی خۆیان لە چوارچێوەی چەند حزبێکی سیاسیدا رێکخست و لە 15ی نۆڤەمبەری 2012دا یەکەم حزبیان بە ناوی (حزبی یەکێتی نیشتمانی) راگەیاند، کە بانگەشەی دەکرد بۆ چەسپاندنی فیدراڵیەت لە لیبیا، پاشان گەشەکرنێکی گرنگتر بەدیهات کاتێك هەرێمی بورقە لە 24ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2013

پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵیان راگەیاند کە لە (24) وەزیر پێکهاتبوو، سەرەڕای هەبوونی هێزی بەرگری و نەخشەی دابەشکردنی هەرێمەکە بەسەر (4) پارێزگای ئیدارایدا، هەموو ئەو هەنگاوانەش تاکلایەنە بوو بە بیانووی پشتبەستنیان بە بنەماکانی دەستوری ساڵی 1951.

روداوەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا فاکتەری ناوچەگەری (هەرێمی) کاریگەرێتی خۆی لەسەر ژیانی سیاسی لیبیا درووستکرد، بەڵکو ئەو رەهەندە ناوچەگەرێتیەی زیاتر تۆخکردەوە کە لە قۆناغەکانی رابـردوودا ببووە تایبەتمەندییەکی لیبیا، ئەوەشی پیشاندا کە دەوڵەتی نیشتمانی لە لیبیا، سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵی نەیتوانی بنبڕی کاریگەرێتی ئەو فاکتەرە بکات و لەناوی بەرێت. تێبینی ئەوەشکراوە کە ئەم رەهەندە ناوچەییە لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی لیبیاوە لەسەر ئاستی سیاسی گەشەیکردووە، ئەمە سەرەڕای دەرکەوتنی چەند دەنگێکی ناڕازی لەسەر ئاستی رایگشتی سیاسی و جەماوەری لە ناوچەکانی تری لیبیا، کە هەبوونی فاکتەری ناوچەگەرێتی رەتدەکەنەوە.

**4. چەك**

دەکرێت بڵێین چەك و چەکداری مەترسیدارترین فاکتەرە بۆ سەر گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی سیاسی لە مەودایەکی کورت و مامناوەندا، هەروەها کارلێککردنەکانی تەوزیفکردنی چەك لە پرۆسەی سیاسیدا زۆر ئاڵۆزە، لە گۆشەنیگای بەسیاسی کردنی ئەو چەکەوە بێت یان وا نەبێت، یان کاتێك هەموو لایەنەکان پەلکێش دەبن بۆ بەکارهێنانی چەك لە پێناو بەڕێوەبردنی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان، بەو هێزو لایەنانەشەوە کە داماڵینی چەك و دوورخستنەوەی دەکەن لەکاتی ململانێ سیاسییەکاندا. ئەزموونە جۆراوجۆرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کێشەو گرفتەکانی پەیوەندیدار بە چەکەوە یەکێکە لەو

ئاستەنگ و هەڕەشانەی رووبەڕوی ئەو کۆمەڵگایانە دەبنەوە کە تازە لە گێژاوی شەڕی ناوخۆ دەربازییان بووە، چونکە بە پێچەوانەی شەڕە دەرەکییەکانەوە کە لە بەرامبەر سوپایەکی دەوڵەتی تردا دەکرێت، بەڵام ئاستەنگە هەرە گرنگەکەی لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکانی ناوخۆ دێت بریتییە لە بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ کۆمەڵگە، کە بەستراوە بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی بڵاوبوونەوەی چەك و چەکداری بە شێوەیەکی بەرفراوان، ئیتر ئەگەر بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی نیزامی بێت لەلایەن هێزە ناکۆك و بەشەڕهاتووەکانەوە یان بە شێوەیەکی ئاسایی بکەوێتە دەستی هاوڵاتیان.

ئەزموونی شەڕە ئەهلی و ناوخۆییەکانی وڵاتانی ئەفریقیا بۆ نموونە بەو پێیەی، کە کیشوەرێکە زۆرترین شەڕی ناوخۆیی تێدا رویـانـداوە، ئاماژە دەکـەن بۆ ئەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوان بەدیهاتنی سەقامگیری سیاسی و چەکداماڵین لە لایەنە ناکۆکەکان و قۆرخکردنی لە دەستی دەوڵەتدا، بۆ نموونە مۆزەمبیق سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگی دیاردەی چەکداری، بەڵام ئەو نسکۆیەی کە لە لیبریا روویدا، هۆکارە سەرەکیەکەشی بریتیبوو لە بڵاوبوونەوەی چەك بەشێوەیەکی بەربڵاو لە دەستی هاوڵاتیانی لیبریادا. بەهۆی مامەڵەکردنی توندوتیژی رژێمی قەزافی و پشتبەستنی بە هێزە چەکدارەکان لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە خۆرهەڵاتی لیبیا، ئیتر شۆڕشی لیبیا ئاڕاستەیەکی چەکداریی وەرگرت و لیبیای خستە ناو گێژاوی شەڕێکی ناوخۆیی کاتییەوە، پێشئەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان بە هاوکاری و یارمەتی خۆرئاوا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتەکەدا بسەپێنن و رژێمەکەی معەممەر قەزافی بڕوخێنن.

لە ئەنجامی ئـەو شـــەڕەدا، بەشێوەیەکی بەربڵاو چـەك لە سەرتاسەری وڵاتەکە بڵاوبۆوە، بە تایبەتی لە دوای تاڵانکردنی عەمبارو

گەنجینەی چەکەکانی تایبەت بە سوپای لیبیا، ئەوەش دەرئەنجامی ناوخۆیی و دەرەکی لێکەوتەوە. بە گوێرەی زانیاری و ئامارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی دەرەکی، لیبیا بوو بە سەرچاوەی چەکی بە قاچاغبراو بردنی بۆ ناو زۆرێك لە دەوڵەتانی دەوروبــەر، کە بەپێی راپۆرتی شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە چەکەکانی لیبیایان بەقاچاغ بۆ براوە، نزیکەی (12) دەوڵەتە. پرۆسەکانی بەقاچاغبردنی چەك بەپێی ئەو زانیارییانە بریتیبوون لە چەکی قورس و سوك، جگە لە سیستمەکانی بەرگری ئاسمانی و بڕێکی زۆر چەك و جبەخانەی سەربازی و تەقینەوە و جۆرەکانی مین، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ، چەکەکانی لیبیا کرایە ئامرازێکی سەرەکی لە دەستی هەندێك لەو میلیشیایانەی کە خواست و داواکاری سیاسی دیاریکراوییان نەبوو، بەڵام ئەو هێزانە چەکەکانیان بەکارهێنا لە پێناو بەدەستهێنانی چەند دەستکەوتێکی دارایی لە رێگەی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی داهات و سامانی وڵاتەکەوە. لەوەش مەترسیدارتر، ئەو چەکانە لە بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکاندا بەکارهێنران. لەمبارەیەوە گرفتی بەکارهێنانی چەك لەگەڵ ئەو (3) فاکتەرەی تر کە پێشتر باسکران، واتە (ئایین، خێڵ، ناوچەگەرێتی)، پێکەوە کاریگەرییان لەسەر یەکتری درووستکرد.

هێزو گروپە جیهادییە چەکدارەکان ماوەیەکی زۆر لەپێش هەڵگیرساندنی شۆڕش هاتنە ناو خاکی لیبیا و بەشدارییانکرد لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دژی رژێمەکەی قەزافی، بگرە تاکو ئەمڕۆش لەناو پرۆسەی سیاسی لیبیا خاوەنی پێگەو بوونی خۆیانن. موفتی لیبیا (شێخ ئەلسادق الغریانی) داوای لە شۆڕشگێڕانی لیبیا کردووە دووبارە چەك هەڵبگرنەوە بۆ بەرگریکردن لە شۆڕشی لیبیا. لە راستیدا سروشتی خێڵەکی کۆمەڵگەی لیبیا و پێکەوەگونجانی هێڵەکانی دابەشبوونی خێڵەکی لەگەڵ هێڵەکانی دابەشبوونی سیاسیدا، پاڵنەرێك

بوو بۆ ئەوەی هەندێك ململانێی سیاسی لە نێوان خێڵە ناحەز و لایەنگرەکانی قەزافی لە بەرگێکی چەکداریدا بەردەوامیان هەبێت، بەڵام فاکتەری ناوچەگەرێتی هۆکارێك بوو بۆ گەشەکردنی رەهەندی فیدراڵیەت لە هەرێمی بورقە، هەرچەندە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئاقاری عەسکەرتارییەت بردی، بە تایبەتیش دوایئەوەی ئەو هێزە چەکدارانەی داوای سیستمی فیدراڵییان دەکرد، هەندێك بەندەری نەوتیان لە خۆرهەڵاتی لیبیا کۆنترۆڵکرد.

لەسەر ئاستی هەڵسوکەوتی دامـودەزگـاکـانـی دەوڵــەت و کارلێککردنیان لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکاندا، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە خودی دەوڵـەت یەکێکە لە فاکتەرەکانی زیادبوونی دیاردەی پشتبەستن و پەنابردن بۆ چـەك، بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەت یەکێك بووە لەو لایەنانەی داوای لێسەندنەوەی چەکەکانی لە میلیشیاکان کردووە. ئەو هەنگاوە بە شێوازێکی راستەوخۆ رودەدات لە رێگەی بەکارهێنانی چەك لەلایەن خودی دەوڵەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکان لە لیبیا، سەرەڕای ئەوەی کە پێدەچێت ئەوە بواری لێتێگەیشتنی زیاتر بێت، بە حوکمی ئەوەی کە بەپێی پێناسەکەی: دەبێت دەوڵەت ئەو لایەنە بەهێزە بێت جڵەوی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا دەگرێتە دەست، بەڵام مەترسیی ئەوە کاتێك بەرجەستە دەبێت، کە دەوڵەت نەتوانێت بە زەبری چەك ناکۆکی و ململانێکان لەگەڵ لایەنەکانی تردا یەکلایی بکاتەوە، لەو کاتەدا کە هێزو لایەنەکانیتر بایی ئەوەندە چەکیان هەیە، کە بتوانن بەهۆیەوە دژایەتی و بەربەرەکانێی دامودەزگاکانی دەوڵەت بکەن و لەبەردەمیدا خۆیان رابگرن. پرۆسەکانی گەمارۆدانی هەندێك لە وەزارەتەکانی حکومەتی لیبیا لەلایەن میلیشیا چەکدارییەکانەوە، دەکرێت وەکو باشترین نموونە بۆ نیشاندانی لاوازی و کەمتوانایی دەوڵەت لێی بڕوانین لەبەردەم کێشەی یەکلاییکردنەوە و کۆتاییهێنان

بە ململانێکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکەوە. لە لایەکیتریشەوە دەوڵەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووەتە هۆکاری زیادبوونی دیاردەی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی چەك لە لیبیا، ئەوەش لە سایەی کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی دەوڵەت، کە یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی بریتیە لە خواستی تۆڵەسەندنەوە لە دەرەوەی حوکمی دەزگای دادوەری فەرمی ئەو وڵاتە، ئەمە جگە لە بوونی چەند بەندیخانە و گرتوخانانەیەك کە بە تەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی میلیشیا چەکدارەکاندان.

بەمپێیە دەکرێت بڵێین: چەك بە یەکێك لە دیارترین فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر ڕەوشی ژینگەی ژیانی سیاسی لیبیا دادەنرێت، بەڵام ئێستا تێبینی کەمبوونەوەی کاریگەری ئەم فاکتەرە و چوونە ناو پەراوێزی پرۆسەی سیاسی لە لیبیا دەکرێت، کەواتە کاریگەرێتی چەك بە پلەی یەکەم کاریگەییەکی لاوەکییە، واتە کارناکاتە سەر ئەو ڕەوشە گشتییەی کە پرۆسەی سیاسی تێدا بەڕێوە دەبرێت، بێئەوەی نەبێتە بەشێك لێی، چونکە ناکرێت لێی جیابکرێتەوە. زۆربەی ئەو هێزە کاراو دەسترۆیشتوانەی پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی چەك، لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی وڵاتەکەن، بۆ نموونە وەك میلیشیاکان و خێڵ و هۆزەکان، کە چەند لایەنێکن کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی سیاسی و ڕۆڵ و کاریگەری دەوڵەت هەیە، بەڵام حزبەکان و کاراکتەرە فەڕمییەکان لەناو ژیانی سیاسیدا، بە هەمانشێواز و هەمان چڕی کاراکتەرە نافەڕمییەکان پەنا بۆ بەکارهێنانی چەك نابەن.

## گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغی

لەم تەوەرەدا هەندێك زانیاری و پێناسەی پێویست سەبارەت بە کێشەی ئەمازیغی بە شێوەیەکی گشتی و لە لیبیا بە تایبەتی دەخەینە ڕوو، جگە لە باسکردنی ڕەهەندی مێژوویی گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغی، ئەوەش بە مەبەستی وەستانمان لەسەر سیمایەکی گشتگیری

پرسی ئەمازیغ لە لیبیا، پێش ڕۆچوونە ناو باس و وردەکارییەکانی تەوەری دواتر دەربارەی ڕەوشی سیاسی ئێستای تایبەت بە کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا.

## یەکەم: پێناساندنی ئەمازیغەکان وەکو کەمینە

پێناسەکردن و ئاشنابوون بە ئەمازیغەکان کۆمەڵێك کێشەی خۆی هەیە، هەر لە کێشەی ناوی ئەمازیغەوە تا دەگاتە کێشەی سنور دیاریکردن، واتە دیاریکردنی بناغەی ئەو پێوەرەی کە لەسەری قسە لەسەر ئەمازیغ و شوێنەکانی نیشتەجێبوون و بڵاوبوونەوەیان دەکرێت، بە تایبەتیش لە سایەی دانانان بە ئەستەمبوونی بێگەردێتی ئیتنیکی و راستی ئاوێتەبوون و هاوپەیوەندی نێوان ئەمازیغ و عەرەبەکان، تا دەگاتە کێشەو گرفتە پەیوەندیدارەکان بە چەمکی کەمینەو ناوەرۆکە سیاسییەکانی، لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا دەکەوێتە خانەی زانستە سیاسییەکانەوە، بۆیە توێژەر هەوڵینەداوە زۆر ڕۆبچێتە ناو لایەنە ئاڵۆزەکانی پەیوەندیدار بە بواری ئەنترۆپۆلۆژی و مێژوویی و کەلتوری تایبەت بە پرسی ئەمازیغ، هەرچەندە زۆر گرنگن، بەڵام دەکەونە دەرەوەی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە و ئەو چوارچێوە زانستییەی لەناوخۆیدا کێشاویەتی، بەڵکو لەجیاتی ئەوە توێژەر لە ڕێگەی لێکنزیککردنەوەی ئەو کێشەو گرفتانەوە پێوەرێکی سیاسی پیادە کردووە.

سەبارەت بە کێشەی ناو، دەبینین بە درێژایی مێژوو چەندین ناوی دیکە بۆ ئەمازیغەکان بەکارهێنراوە، وەك بەربەر، لۆبییەکان، نۆمیدییەکان و ئەفریقییەکان. لە ئێستادا ناوی ئەمازیغەکان یان بەربەرەکان لە هەموو ناوەکانیتر زیاتر بەکاردەهێنرێت، ئەو ناوەش کە ئەم توێژینەوەیە بەکاریهێناوە (ئەمازیغ)ە، پێوەری سەرەکیشمان پێوەرێکی سیاسیە، واتە بەکارهێنانی ناوە شیاوەکە (ئەمازیغ)،

کە لە مامەڵەکردنی سیاسی فەرمی لەگەڵ ئەمازیغەکاندا پیادە دەکرێت بەپێی ئەوەی کە لە دەستورەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان لە دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیا ناوییان هێنراوە، یاخود دەگەڕێینەوە بۆ خۆپێناسەکردنی ئەمازیغییەکان. لەو راگەیاندنە دەستورییەدا کە ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لیبیا لە 3ی ئابی ساڵی 2011 دەریکردووە، پاشان لە بەڵگەنامە و یاسا کارپێکراوەکان لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانی گشتی لیبیا و حکومەتی لیبیا و لەو بەیاننامە و بەڵگەنامە و بڕیارانەدا کە لەلایەن دەستەو لایـەن و دەزگا ئەمازیغییەکانەوە دەرکـراون، سەرجەمییان ناوی (ئەمازیغ)یان بەکارهێناوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە پرسی ئەمازیغی، پشت بە بەکارهێنانی هەمان ئەو ناوەدەبەستێت، هەروەك چۆن لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئەو پێکهاتەیەدا پەیڕەوکراوە.

ئاسانترین میتۆد بۆ پێناسەکردنی ئەمازیغەکان باسکردنیانە لە خانەی گەلە رەسەنەکانی باکوری ئەفریقیا. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت ئەم پێناسەکردنە سانایە بۆ ئەوان بەس نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمازیغەکان هەروا لە بۆشاییدا گەشەیان نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ گروپ و تاقمەکانی تردا کە هاتوون بۆ باکوری ئەفریقیا و تیایدا نیشتەجێبوون، ئاوێتە بوو، بۆ نموونە وەك رۆمانەکان، فینیقییەکان و عەرەبەکان. ئەمازیغەکان بە پێکهاتەیەکی «دەریای ناوەڕاست» دەدرێنە قەڵەم و پەیوەندییەکی بەهێزییان لەگەڵ سقلّییەکان، ئیسپانییەکان و میسرییەکاندا هەبووە، ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە دەڵێت: «تاکو ئەمڕۆش پێناسەکردن و باسکردنی ئەمازیغەکان بەلای زاناکانەوە کارێکی قورسە».

ئەمازیغەکان لە لیبیا بەسەر چەندین خێڵدا دابەشبوون، بەگشتی و بە گوێرەی ئامارە بەردەستەکان رێژەی 5% تا 10%ی کۆی گشتی گەلی لیبیا پێکدەهێنن، کە بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی 2010 لە (6) ملیۆن

کەس زیاترە. ئەمازیغەکان بە زۆری لە ناوچەکانی باکوری خۆرئاوای لیبیا نیشتەجێبوون، کە بە تەرابلوس و شاخی نفوسە و ناوچەی زوارە ناسراوە، هەروەها ڕێژەیەکی زۆرییان لە شاری (غدامس) دەژین، ئەو شارەی بیابان کە دەکەوێتە ناوچەی (فەزان). جێگەی ئاماژەیە کە ئەمازیغەکان لە نێوانی خۆیاندا نوێنەرایەتی تەنها پێکهاتەیەکی پێکەوەگونجاو ناکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتی خێڵەکی دابەشبوون، کە هەندێکجار بەرجەستەکردنی وابەستەیی ئیتنیکی لە نێوانیاندا وا دەخوازێت، چونکە ئەمازیغەکان دابەشبوون لە نێوان ئەمازیغەکانی چیاو کەنار دەریا لە باکوری خۆرئاوا و تەواریقەکان لە ناوچەکانی خۆرئاوا و باشوری لیبیا. پێدەچێت ئەمە بێت هۆکاری دروستببونی جیاوازی بۆچوون سەبارەت بە دانانی ڕێژەی ئەمازیغەکان لە نێوان 5% تا 10%ی کۆی دانیشتوانی لیبیا، بۆیە دەکرێت هۆکاری ئەو جیاوازییە بگەڕێنینەوە بۆ ئەوە کە ڕێژەی یەکەم (5%) باسی ئەمازیغەکانی چیا لە ناوچەی باکوری خۆرئاوا دەکات، بەڵام ڕێژەی دووەم (10%) ئەمازیغەکان و تەواریقەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە.

تێبینی ئـەوەش دەکرێت، کە پێشخستنی ناسنامەی خێڵەکی سەبارەت بە تەواریقەکان بۆ نموونە، زۆر بە ئاشکرا دیارە. تەواریقەکان لە نزیکی سنورەکانی چەندین دەوڵەتی ئەفریقیا بڵاوبوونەتەوە، وەك: لیبیا، مالی، نەیجەر، جەزائیر و بۆرکینا فاسۆ. تاکی تەواریقی لیبیایی لە رووی پەیوەندییەوە نزیکترە لە تەواریقەکانی ناو وڵاتەکانی تر، بە بەراوردکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمازیغەکانی لیبیا، لانیکەم لەسەر ئاستی کەلتوری کۆمەڵایەتی و فۆرمی بژێوی و ژیانگوزەراندنی. سەرباری بوونی کێشەی ئەمازیغی لەناو هەندێك لەو دەوڵەتانەی ئەمازیغەکان تیایدا نیشتەجێن، بە تایبەتی لە مەغریب و جەزائیر، بەڵام ڕێڕەوی گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغ لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. تەنانەت لەناو لیبیا، ئەو خێڵە تەواریقانەی بنەچەیان ئەمازیغین، لەبەر ئەو هۆیە بووە پەیوەندییان بە رژێمی پێشووی قەزافیەوە هەبوو،

جیاوازیش بوون لە ڕێڕەوی پەیوەندی ئەو خێڵە ئەمازیغییانەی کە لە بەشی باکوری خۆرئاوای وڵاتەکەدا نیشتەجێبوون، ئەوانیش بوون رابەرایەتی خەباتیان کرد لە پێناو سەندنی مافی ئەمازیغییەکان. ئەوە رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سروشتی بەشداریکردنیان لە شۆڕشی لیبیا، بەڵام ئەمازیغەکان لە دوای شۆڕش هەوڵ و تەقەللای زۆرییاندا بۆ یەکڕیزی و یەکبوونی هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و خێڵەکانیان لەژێر یەك ئاڵادا، لە کاتێکدا ئەم هەوڵ و تەقەللایانەیان تاکو ئێستاش هەندێك ئاڕیشەی دروستکردووە.

## دووەم: دەروازەکانی گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغی

بۆ ئـەوەی کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا بخەینە ناو چوارچێوەی مێژوویی گونجاوی خۆیەوە، پێویستە جیاوازی لەنێوان سێ ئاستی شیکردنەوەدا بکەین کە ئەمانەن: جیهانی، هەرێمی، لۆکاڵی. لە تەوەری کارلێککردنەکانی هەردوو ئاستی جیهانی و هەرێمی باسی گەشەکردنی پرسی ئەمازیغی لەناو لیبیا دەکەین تا دەگاتە رەوشی هەنوکە، بەڵام لەسەر ئاستی لۆکاڵی (ناوخۆیی) باسی قۆناغی هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا دەکەین، وەك پێشەکیەك بۆ باسکردنی جوڵانەوەی ئەمازیغی و کارلێککردنە ناوخۆییەکانی لەدوای بەرپابوونی شۆڕش، ئەوەش لە تەوەرێکی تری توێژینەوەکەدا، زیاتر باسی وردەکاریی بابەتەکە دەکەین.

### 1. ئاستی جیهانی

بە گشتی مێژوو لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە روداوو گۆڕانکاریە سیاسییەکان دەخاتە روو: یەکەم فۆکس دەخاتە سەر کارلێککردنە سیستماتیکییەکانی دەوڵەتان، بە شێوەیەك کە دەوڵەتی نیشتمانی تیایدا دەبێتە کاراکتەری سەرەکی، بەڵام ئەوەیتر پێیوایە ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەری زیاترییان هەیە هەمان ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییە قووڵانەن، کە دووبارە نەخشەی جیهان دادەڕێژنەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو

گۆشەنیگایە، وەك هەوڵێك بۆ درككردن بە ڕەهەندی جیهانی لە پشت گەشەكردنی كێشەی ئەمازیغی، بۆیە هەڵدەستین بە دانانی ئەو ڕەهەندە لەسەر دوو ڕێـڕەوی هاوتەریب: یەكەمیان تایبەتە بە گەشەكردنی سیستمی نێودەوڵەتی، ئەوەیتریش تایبەتە بە جیهانگیری و كاریگەرییە كۆمەڵایەتی و كەلتورییەكانی. كەواتە گەشەكردن لەسەر ڕێڕەوی ئەو دوو ئاڕاستەیە بەهۆی دۆخێكی جیهانی گشتیەوە بەرجەستە بووە، كە ئامادەیە بۆ هەڵهاتنی هۆشیاری ئیتنیكی لە جیهاندا، ئەوەش بە شێوەیەك بووەتە هۆی هەڵكشانی خواستی كەمینەكان بۆ داواكردنی مافەكانیان.

لەسەر ئاستی سیستمی جیهانی، سێگۆشەی كەمینەكان لە ناوەڕاستی سەدەی نـۆزدەوە بووەتە سەرچاوەی سەرەكی ململانێكان لە نێوان دەوڵەتە ئەوروپییەكان، هەروەها لە دوای كۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی یەكەم و دامەزراندنی ڕێكخراوی عوسبەی گەلانیش بەردەوام بوو، لە نێوان هەردوو شەڕە جیهانیەكەدا هەندێك ڕێككەوتننامەی دووقۆڵی تایبەت بە پاراستنی كەمینەكان واژۆكران، ئەڵمانیا ئەو ڕێككەوتننامانەی بەكارهێنا بە مەبەستی جێبەجێكردنی سیاسەتە فراوانخوازییەكانی، ئەوەش بووە هۆكاری لەباربردنی سەقامگیری لەناو كیشوەری ئەوروپادا. لە دوای شەڕی جیهانی دووەم و دامەزراندنی نەتەوە یەكگرتوەكان، مافی كەمینەكان لەناو فەرهەنگی سیاسی نێودەوڵەتیدا بزربوو (جگە لە ئاماژەكردن بە مافەكانی دانیشتوانی ڕەسەن وەكو بارێكی تایبەتی)، ئەوەش لە بەرژەوەندی لكاندنی لەناو بنەماكانی مافی مرۆڤ وەكو مەنزومەیەكی تەواو بە ئامانجی لە ئامێزگرتنی كەمینەكان لەناو كۆمەڵگەكاندا، بەبێ بوونی هیچ جیاكارییەك لەسەر بناغەی هەر بنەمایەك.

لە كۆتایی دەیەی هەشتاكانی سەدەی ڕابردو و كۆتاییهاتنی شەڕی سارد و زیادبوونی ژمارەی شەڕە ئیتنیكییەكان لە سەرتاسەری جیهاندا، گرنگیدان بە ڕەوشی كەمینە ئیتنییەكان ئاراستەیەكی جیاوازتری وەرگرت، بە جۆرێك كە سنوری گرنگیپێدانی كلاسیكییانەی ڕێكخراوی

پەروەردەو زانست و رۆشنبیری ناسراو بە (یۆنسکۆ)ی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکانی سەبارەت بە لایەنی کەلتور و زمانی کەمینە ئیتنییەکان تێپەڕاندووە، بۆ ئەوەی ببێتە بەندێکی سەرەکی ناو ئەجێندای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە پرسەکانی ئاسایش و گەشەپێدان. سەرەڕای ئەوەی پرسەکانی تایبەت بە کەمینەکان لەناو هەر دەوڵەتێکدا خرایە ژێر کاریگەری کارلێککردنە ناوخۆییەکانەوە، بەڵام فەراهەمکردنی کەشێکی نێودەوڵەتی پارێزەر بۆ مافەکانی کەمینەکان بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە رووی گەشەکردنی پرسی کەمینەکان لە جیهاندا. گەورەبوونی ئەو گرنگیپێدانە بە جیاوازییە ئیتنییەکان و دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایش و گەشەپێدان و سەقامگیری سیاسی، هۆکارێکە بۆ پاڵپشتیکردنی خواست و ئامانجە کەلتوری و سیاسییەکانی کەمینە ئیتنییەکان، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ستەمی مێژووییان لە بەرامبەردا ئەنجامدراوە. هەروەها زیندووکردنەوەی ناسنامە کەلتورییەکانیان بووە هۆی روودانی گۆڕانکاری زۆر لە سروشتی پەیوەندییەکانی دەوڵەت بە هاوڵاتیان و گروپ و هێزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە، بە شێوەیەك کە بووە هۆکاری دروستکردنی چەند گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەناو پێکهاتەی خودی دەوڵەت، بە تایبەتی لەڕووی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە چەمکی سەروەریدا، لە روانگەی شکاندنی قۆرخکارییەکانی دەوڵەت لە بابەتی کاریگەری درووستکردن لەسەر سیاسەتە جیهانییەکان کە کاردەکەن بۆ بەرژەوەندی هەڵکشانی کێرڤی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئاستی جیهان. ئەو هەنگاوە هاوکۆك بوو لەگەڵ ئەو پێبازە گەورەیەی لە هۆیەکانی پەیوەندیکردنی نوێدا رویداوە، بە جۆرێك ئەو دیاردەیەی بەرجەستە کردووە کە پێیدەوترێت (تۆڕبەندیسازی) لە نێوان رێکخراوەکان و لایەنە کاریگەرەکان لە دەرەوەی دەوڵەت.

بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییەی لە هەردوو

ئاڕاستەکەدا رویداوە، لە ساڵی 1995دا کۆنگرەی ئەمازیغی جیهانی دامەزرێنرا، لە شێوەی رێکخراوێکی کۆکەرەوەی زۆرێك لە کۆمەڵگە و رێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی ئەمازیغی. ئەو کۆنگرە ئەمازیغیە هەوڵدەدات بۆ بەدەستوریکردنی مافەکانی پێکهاتەی ئەمازیغی لەناو ئەو دەوڵەتانەدا کە تیایاندا دەژین. رێکخراوەکە هەموو (3) ساڵ جارێك کۆنگرەی گشتی خۆی دەبەستێت و کۆنگرەی شەشەمی ئەو رێکخراوە ئەمازیغیە لە 29ی ئەیلول تا 2ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2011 لە دورگەی (جوربە)ی تونس بەستراو تیایدا (فەتحی بن خەلیفە)ی لیبیایی بە سەرۆکی کۆنگرەکە هەڵبژێردرا. لە لایەکیترەوە، رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان گرنگییان بە رەوش و بارودۆخی کەمینەی ئەمازیغی لە لیبیا داوە، بۆ نموونە وەك ئەو گفتوگۆیانەی لە نۆڤەمبەری ساڵی 2005 لە نێوان شارەزایانی نەتەوە یەکگرتوەکان و شاندی لیبیا لەناو بارەگای رێکخراوەکە لە ژنێڤ بەڕێوەچوو، لە چوارچێوەی خولی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن لەسەر مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان. لە دوای بەرپابوونی شۆڕش لە دژی رژێمی قەزافی و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانی تایبەت بە خواست و داواکارییەکانی ئەمازیغەکان، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەستیکرد بە کارکردن لەسەر هێڵی کێشەی ئەمازیغی، ئەگەرچی شەرمنانە بوو، ئەوەش لە پێناو داننان بە مافەکانی کەمینەی ئەمازیغی لەناو دەستوری نوێی لیبیا. تاریق متری، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لیبیا، لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئەمازیغ لە لیبیا، رۆژی 19ی ئابی 2013 لە بارەگای نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان رایگەیاند کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە گوێرەی یاساو رێسا پەیڕەوکراوە نێودەوڵەتییەکان و میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان پشتیوانی مافەکانی پێکهاتە کەلتوری و زمانییەکانی ناو کۆمەڵگەی لیبیا دەکات.

لە کۆتاییدا ئاماژە دەکەین بە ڕەهەندێکی تری پەیوەندیدار بە یارمەتی و هاوکاریکردنی دەرەکـی کێشەی ئەمازیغی. لەم ڕوانگەیەشەوە سەرەتا باسی ڕۆڵی فەرەنسا دەکەین لە قۆناغی کۆڵۆنیالی و هەوڵدانی بێوچانی بۆ ورووژاندنی هەستی ئیتنیکی و بەرجەستەکردنی جیاکاریی ناسنامە لە نێوان عەرەب و ئەمازیغەکاندا لەسەر بنەمای ئیتنی و کەلتوری و زمان، بە ئامانجی دروستکردنی دۆخێك لە دابەشبوون و هەڵوەشان، کە یارمەتیدەر بێت بۆ لاوازکردنی تێکۆشانی میللی لە دژی کۆڵۆنیالیزمی فەرەنسی. سەرەڕای تێپەڕینی چەندین دەیە بەسەر کۆتاییهاتنی سەردەمی داگیرکاریی کۆڵۆنیالیزمی، قسەکردن لەسەر گرنگیپێدانی فەرەنسا بە مەسەلەی ئەمازیغی بە شێوەیەکی گشتی لەلای هەندێك کەس هێشتا کپ نەبووە، بە تایبەتی لەلای ئەوانەی کە هەڵگری بیروبۆچوونی ناسیۆنالیستی عروبین و هەمیشە حەزێکی تایبەتییان هەیە بۆ ناوهێنانی بابەتەکە بە ڕۆڵی دەرەکی و پیلانگێڕی ئیمپریالیزمی لە دژی یەکێتی و یەکڕیزی ناوخۆ و هەوڵدان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دابڕان لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلێك.

بڕواداران بەم ئاڕاستەیە، وەك پیلانێکی کۆڵۆنیالی و ڕەنگدانەوەی دۆخێك بۆ پەککستنی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی کۆکەرەوە، لە کێشەی ئەمازیغی دەڕوانن، بەو پێیەی پێیانوایە عروبە و ئیسلام دوو ڕەگی ئەو ناسنامەیەن، پاشان ڕەهەندی ئیتنیکی بەو ڕیتمە بە بابەتێکی لە دەرەوە هاتوو دادەنرێت، ئامانج لێی سڕینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی گەلانی دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیایە، بەڵکو نوێنەرایەتی ڕەوتێك دەکات کە بە پێچەوانەی جوڵانەوەی مێژوو، وەك درێژکردنەوەی قۆناغی کۆڵۆنیالیزمی ڕێدەکات. بڕواداران بەم ئاڕاستەیە پێیانوایە بە خێرایی دەتوانرێت بەر بەو ڕەوتە بگیرێت و تێبپەڕێنرێت. لەگەڵئەوەشدا، سەرەڕای خوێندنەوەی خاوەن

ئاڕاستەی بیروبۆچوونی ناسیۆنالیستی بەرامبەر کێشەی ئەمازیغی لە روانگەی زێدەڕۆیی و پێداگری زۆرییان لەسەر هەڵوێستەکانیان، بەڵام ناکرێت نکۆڵی بکرێت لە رەوایەتی ئەو گریمانانەی پێشنیارییان کردووە سەبارەت بە بەکارهێنانی کارتی ئەمازیغی لەلایەن دەوڵەتی خۆرئاواوە، هەرچەندە قسەکردن لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی پرسی ئەمازیغیە، لەگەڵ ئەگەری چەسپاندنی ئەم قسانە بەسەر رەوشی ئەمازیغەکانی لیبیا، لە کاتی دەرکەوتنی هەر ئاماژەیەکی گرنگ لەو بارەیەوە، کە سودی بۆ پرسەکەیان هەبێت. قسەکردن لە بارەی هەبوونی رۆڵی دەرەکی لە پاڵپشتیکردنی چەلاکوانانی ئەمازیغی، میسداقیەتێکی گەورەتر پەیدا دەکات کاتێك قسە دەکرێت دەربارەی پشتیوانیکردنی هەندێك لە چالاکوانانی ئەمازیغی لەلایەن ئیسرائیلەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە ئەم پشتیوانییە لە دەرەوە بەرەو ناوەوە بە یەك ئاڕاستەدا ناڕوات، بەڵکو بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە لە ناوەوە بەرەو دەرەوە دەچێت، ئەوەش بێگومان لە رێگەی هەوڵدانی هەندێك چالاکوانی ئەمازیغی (ئەوانەی زیاتر لە توندڕەوەکانن)، لە پێناو بەشداریکردنیان لە هەندێك کارو چالاکی لەناو ئیسرائیل و هەوڵدانیش بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوکاری هەندێك لایەنی ئیسرائیلی بۆ کێشەکەیان، هەروەها هەوڵدانی هەندێك لە چالاکوانانی ئەمازیغ بۆ فشارخستنە سەر یەکێتی ئەوروپا لە پێناو پشتیوانیکردنی کێشەکەیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

2. ئاستی هەرێمی

جیا لەوەی پێشتر باسکرا، پەیوەست بە تایبەتمەندیی کێشەی ئەمازیغی لەناو هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی ئەمازیغەکان تیایاندا نیشتەجێبوون، دەشکرێت بڵێین کە دۆخی دەستپێکردنی پێشوەخت بە خەباتی ئەمازیغییەکانی لیبیا، لە کاتێکدا شۆڕشی لیبیا دواجار رژێمەکەی قەزافی رووخاند، لە لایەکیترەوە بە ئاستێکی کەمتر

له تونس له پێناو بەدەستهێنانی کورسییەك له سیستمی سیاسی نوێی ئەو وڵاتەدا کارییانکرد، ، بەڵام ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەکان تێگەیشتنێکی روونــە لە وانــەی ئەمازیغی لە جەزائیر، چونکە ئەمازیغەکانی جەزائیر دەست لەناو دەست لەگەڵ عەرەبەکاندا بەشدارییان له خەباتێکی تاڵدا کرد له دژی کۆلۆنیالی فەرەنسی، بەڵام سەرکردە عەرەبەکان لە دوای سەربەخۆیی جەزائیر تاکڕەوییان پەیڕەو کرد لە سەرکردایەتیکردنی دەوڵەتی نوێی جەزائیر، ئەوەبوو ناسیۆنالیستی عەرەبی وەك ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار له سیستمی سیاسی ئەو وڵاتەدا سەپێنرا و سەرکردەی ئەمازیغی (حسێن ئایەت ئەحمەد)، کە یەکێك بوو لە رابەرە مێژووییەکانی شۆڕشی جەزائیر خرایە ناو زیندان، ئینجا جەزائیرییەکان دەستیانکرد بە ئازادبوونی کەلتوری لە دژی هەژموونی زمانی فەرەنسی لە رێگەی پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنەوە، بەبێ گرنگیدان بە زمان و کەلتوری ئەمازیغەکان، ئەوەش لە ئەنجامدا بووە هۆی پەرەسەندنی جوڵانەوەی نارەزایەتی ئەمازیغەکان، لە پێناو بەدەستهێنانەوەی مافە سیاسی و کەلتورییەکانیان. پەیوەندییەکان لە نێوان ئەمازیغەکان و دەوڵەتی جەزائیردا ئاڵۆز بوون و بۆ چەندین دەیە شەپۆلێکی توندوتیژی توندی بەدوای خۆیدا هێنا، لە پێناو دانپێدانان بە هەندێك لەو مافانەدا.

ئەوەی لەمرۆدا ئەمازیغەکان لە لیبیا ئەنجامیدەدەن، پێدەچێت ئامانجەکەی بریتی بێت لە خۆپاراستن لە دووبارە کردنەوەی ئەزمونی جەزائیر، چونکە بینیمان کە ئەمازیغەکانی لیبیا لە شەڕی دژی هێزەکانی قەزافی لە خۆرئاوای وڵات بەشدارییان کرد و رۆڵییان گێڕا لە پرۆسەیەکی گرنگی گۆڕینی جۆرایەتی، کە خۆی لە جوڵانەوەی شاری تەرابلوس دەبینێت لە 20ی ئابی ساڵی 2011، ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ گۆڕینی ئاراستەی شەڕەکە و لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی شۆڕش و روخاندنی رژێمی معەممەر قەزافی بۆ هەتاهەتایە تەواو بوو.

دوایئەوەش هێزو گروپە چەکدارەکانی ئەمازیغی کۆنترۆڵی هەندێك لە شارە ئەمازیغییەکانیان کرد، جگە لە دەستبەسەرداگرتنی هەندێك ناوچەی پایتەختی لیبیا، کە بۆ ماوەیەك ئەو هێزو گروپە چەکدارانە توانییان دەسەڵاتی خۆیان بەکاربێنن و تیایاندا بمێننەوە، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ ڕێکخستن و ئەنجامدانی کۆمەڵێك چالاکی سیاسی و ناڕەزایی دەربڕینی ئاشتیانە، بە مەبەستی چەسپاندنی هەبوونی ئەمازیغی لەناو ژینگەی سیاسی نوێی لیبیا. لە تەوەری داهاتوودا دەربــارەی مشتومڕی ئاشتیخوازی و توندوتیژی لە جوڵانەوەی ئەمازیغیداکەمێك بە وردەکاری زیاتر باسی ئەم بابەتە دەکەین.

بە دیوێکی تردا، هەڵکشانی کێرڤی خواست و داواکارییەکانی ئەمازیغ لە لیبیا، لە دوای ئەوەوە دێت کە ئەمازیغەکان لە دەوڵەتانی تری باکوری ئەفریقیا هەندێك دەستکەوت و مافی خۆیان بەدەستهێنا. پێشئەوەی لیبییەکان رژێمی قەزافی بڕوخێنن، بەڵکو پێشئەوەی ئەمازیغەکان دەستیان بەتاڵ بێت بۆ فشار درووستکردن لە پێناو بەدیهێنانی ماف و داواکارییەکانیان، لە مانگی تەمووزی ساڵی 2011دا لە مەغریب چەند هەموارکردنێکی دەستوری ئەنجامدرا، کە بە دەقی دەستوری تیایدا هاتووە زمانی ئەمازیغی وەکو زمانێکی فەرمی لەو وڵاتەدا بناسرێت، ئەوەش دەرگای لەبەردەم لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو دەقە دەستورییە کردەوە، بە تایبەتی لەرووی سنورو چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو بەندە دوایئەوەی یەکێك لە وەزیرەکان لەژێر گومەزی پەرلەمانی مەغریب بە زمانی ئەمازیغی قسەیکرد، هەروەها جەزائیریش بەنیازە لە قۆناغی داهاتوودا هەمان هەنگاوی مەغریب هەڵێنێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەموارکردنی دەستوری نوێوە، کە بە نیازە لە ئایندەدا ئەنجامی بدات، دوایئەوەی لە ئەنجامی هەموارکردنەکانی ساڵی 2003ی دەستوری جەزائیر پەسەند کراوە، بەو پێیەی ئەمازیغی بە زمانێکی فەرمی دادەنرێت.

پێدەچێت ئەو کرانەوە و گرنگیپێدانە هەرێمییە بە خواست و داواکاریی ئەمازیغەکان بچێتە خانەی ئەو هۆکارانەوە، کە کێرڤی داواکارییەکانی پێکهاتەی ئەمازیغی لیبیایان بەرزکردەوە لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئەمازیغی لەناو دەستوردا، چونکە لیبییەکان رێڕەوێکی هەنگاو بە هەنگاوییان نەگرتۆتەبەر بۆ وەڵامدانەوەی خواست و داواکاری ئەمازیغەکان هەروەك لە هەندێك دەوڵەتانی دراوسێدا پەیڕەو کراوە، بەڵام ئە دەستکەوتانەی کە ئەمازیغەکانی مەغریب و جەزائیر بەدەستیانهێناوە ئاستی هیواو ئامانجەکانی گەلی ئەمازیغی لە لیبیا بەرزدەکاتەوە، بە تایبەتی لە سایەی ئەو بارودۆخە سیاسیە هەڵکەوتووەی لەم قۆناغەدا رێگەی داوە بە دروستکردنی گوشارێکی گەورە لەو پێناوەدا، لە کاتێکدا کە دووبارە دەوڵەتی لیبیا بونیاد دەنرێتەوە، لەبەر ئەوەیە دەبینین کە داواکارییەکانی ئەمازیغ تەنها لە ئاستی دانپێدانان بە جیاوازی زمان لە دەستور و زامنکردنی بەدەستهێنان و کەڵکوەرگرتن لەو مافانەی پێیان دەدرێت، بەڵکو دیدگای ئەوان بۆ مافەکانیان دەچێتە خانەی ناسنامەی دەوڵەتی لیبیا بە شێوەیەکی گشتی، تەنانەت بە ناوی دەوڵەتەکە و سرودی نیشتمانی و ئاڵای نیشتمانی و ناسنامەی دەوڵەتی نوێ لەناو دەستور و ئەو زمانە فەرمییانەی بەکارییان دەهێنێت. ئەگەر لە سایەی ئەو دەستکەوتانەوە نەبێت، کە پێکهاتەی ئەمازیغی لەناو دەوڵەتانی دراوسێی لیبیا بەدەستیان هێناوە لەلایەك، لە لایەکیتریشەوە سنوری زۆرێك لەو مافانەش تێدەپەڕێنێت کە پێویستە پێیان شاد بن، ئەوەش گرفتی تر درووستدەکات، کە لەوانەیە لەم توێژینەوەیەدا بوار نەبێت بە تێروتەسەلی باسیان لێوەبکرێت و مافی خۆی پێبدرێت، سەبارەت بەو کاریگەرییانەی کە بە ئاڕاستەی پێچەوانە روویانداوە، واتە کاریگەرییەکانی ئەو دەستکەوتانەی ئەمازیغەکان لە لیبیا دەتوانن بەدەستیان بهێنن، پەیوەست بە کەڵکوەرگرتنیان لە باشکردنی رەوشی کێشەی ئەمازیغی لە روانگەی وڵاتی مەغریب بە شێوەیەکی گشتی.

### 3. ئاستی لۆکاڵی (ناوخۆیی)

لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و کۆتاییهاتنی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی، دۆخێکی ناسیۆنالیستی عروبی توند باڵی کێشا بەسەر جیهانی عەرەبیدا، بەرهەمی ئەو دۆخە بریتیبوو لە کاڵبوونەوەی هۆشیاری لە بەرامبەر ناسنامەی ئەمازیغی و مافی هەموو ئەوانەی بە زمانی ئەمازیغی دەدوێن لە دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیا بە شێوەیەکی گشتی. هۆشیاری فکری لە ناوەڕاستی دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوو سەبارەت بە کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا سنوری هۆشیاری و بیری تاکەکەسی تێنەپەڕاند، جگە لەوەش نسکۆی ساڵی 1967 و شکستهێنانی شەپۆلی هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە ساتێکی گونجاو لەڕووی تیۆرییەوە بۆ هەڵکشانی ئاستی هۆشیاری ئەمازیغی. لەم چوارچێوەیەدا لیبیا روخانی رژێمی پاشایەتی و سەرکەوتنی قەزافی بۆ سەر کورسی دەسـەڵات لە ساڵی 1969 بەخۆوە بینی. پەیڕەوکردنی بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی لە چوارچێوەیەکی شمولی لە ئاکامی نواندنی کاریگەریی دووفاقی لەسەر هۆشیاری ئەمازیغی لەو سەردەمەوە. رەفتار و کردەوەکانی رژێمی قەزافی بوونە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم گەشەکردنی ناسنامەی ئەمازیغی و پێشکەوتنیدا، بەڵام لە لایەکیترەوە ئەو داپڵۆسین و توندوتیژییەی ئەمازیغەکانی لیبیا لەسەر دەستی رژێمی قەزافی رووبەڕوی کرانەوە، بووە هاندەرێك بۆ لەقاڵبدانی بزاڤی داواکارییەکانی ئەمازیغ لە لیبیای هاوچەرخ.

لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو کێرڤی هۆشیاری فیکری ئەمازیغی لە ئاستی تاکەکەسیەوە گەشەیکرد و گەیشتە ئاستی بەکۆمەڵ، سەرەتا لە روانگەی زانکۆوە، پاشان لەسەر دوو ئاستی هاوتەریب گەشەیکرد، یەکێکیان ئایینی فیقهی (ئیبازی) بوو، ئەویتریان ئاستی کەلتوری بوو، لە دواییدا رێکخراوی کۆمەڵەی باکوری ئەفریقیا بە سەرکردایەتی (علی الشروری بن گالب) دامەزرا،

کە ئەندام و هەوادارانی لەلایەن رژێمی قەزافیەوە تەنگەتاوکران و راوەدونران و هەندێکیشیان دەستگیر کران، پاشان هاوکات لەگەڵ پەیوەندیکردنی ئەمازیغەکان بە ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە لە رێگەی بەرەی نیشتمانی ئینقازی لیبیا، ئاستی توندوتیژی و داپڵۆسین زیاتر بەرزەبۆوە. بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی ژیانی خۆیان بەختکرد لە پێناو درێژەدان بە کارو چالاکی سیاسییان. لە ساڵی 1994دا (علی الشروری بن گالب)لە دۆخێکی لێڵ و ناڕوون لە دوای بەسەربردنی ساڵانێك لە زیندان کۆچی دواییکرد، هەروەها (علی النامی) کە یەکێتی ترە لە سەرکردە دیارەکان زیندانیکرا، ، بەڵام لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکاندا هیچ باس و خواسێکی نەما. هەروەها شێخ عەلی یەحیا معەممەر، کە خێزانەکەی بە گشتی رووبەڕوی سزادانی بەکۆمەڵ کرایەوە، جگە لە ئەنجامدانی چەندین دیمەنی دیکەی داپڵۆسین و سوکایەتی پێکردن لە دژی چالاکوانانی ئەمازیغی کە بەشدارییان لە کاری سیاسی و مافپارێزی ئەمازیغیدا کردو بە ناوییەوە قسەیان دەکرد و دەهاتنە وەڵام.

دوایئەوە، چالاکوانانی ئەمازیغی بەشێوەیەکی زیاترو بەرچاوتر دوور لە چەپۆکی قەزافی لە تاراوگە لە هەردوو ئاستی رێکخراوەیی و میدیایی پێگەیشتن و گەشەیانکرد، یەکێك لەو وێستگە گرنگانەی خەباتی ئەمازیغ لە دەرەوە بریتیبوو لە دامەزراندنی کۆنگرەی لیبی ئەمازیغی لە لەندەن لە 17ی ئەیلولی ساڵی 2000. ساڵێك دوایئەوە، قەزافی یاسای ژمارە (24)ی دەرکرد بە مەبەستی رێگرتن لە بەکارهێنانی هەر زمانێکی جگە لە عەرەبی لە سەرجەم کارو مامەڵەکاندا، بەڵام دوایئەوە وتاری فەرمی لیبیا (بە تایبەتی وتاری قەزافی و سەیفولئیسلامی کوڕی) جۆرێك لە کرانەوەی لە بەرامبەر کێشەی ئەمازیغی بەخۆوە بینی، کە لە ئەنجامدانی چەندین گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ هەندێك لە کەسایەتی و چالاکوانانی ئەمازیغ خۆی

دەبینییەوە. رژێمی قەزافی لە رێگەی ئەو دیدار و دیالۆگانەوە بەڵێنیدا پاشگەزبێتەوە لە بەکارهێنانی وتاری نکۆڵیکردن لە بوونی ناسنامەی ئەمازیغی لە لیبیا.

کرانەوە گەورەکە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا و روخاندنی رژێمی معەممەر قەزافی دروستبوو، ئەوەبوو کۆنگرەی نیشتمانی ئەمازیغی لیبیا دامەزرا و لە مانگی ئەیلولی 2011دا یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست، کە یەکەم کارو چالاکی سیاسی ئەمازیغی لەناو لیبیا تێدا بەرجەستەکرا لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، پاشان بەرە بەرە کارو چالاکییەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی بەردەوام بوو، کە نەدەتوانرا چیتر پەکبخرێت و داپڵۆسێنرێت وەکچۆن لە سەردەمی قەزافیدا پەیڕەو کرا. ئامانجی ئەو جووڵانەوەیە بریتیبوو لە هەستپێکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ناسنامەی ئەمازیغ لە لیبیا، بە جۆرێك کە بەپێی توانا لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی کەمبکاتەوە لەلایەك، لە لایەکیتریشەوە هەوڵبدرێت بۆ تەوزیفکردنی ئەو پرسە بەو شێوەیەی بە قازانجی هەموو لایەك بشکێتەوە. ئەمە ئەو بەرەنگاریە بوو کە هەڵاتنی خۆری کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە بۆ قۆناغی داهاتووی ئەو وڵاتە سەپاندنی. هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر لە بەشەکانی دوایی ئەم توێژینەوەیەدا زیاتر لەم بابەتە قووڵبینەوە و سیماکانی ئەو قۆناغی بخەینە روو. دەکرێت بڵێین: هۆشیاری ئەمازیغی لە بۆتەی چەندین کارلێککردنی ناوخۆیی لە لیبیا پەرەیسەند، لە کاتێکدا کە فاکتەرە هەرێمی و جیهانییەکان بە تەنها فاکتەری یارمەتیدەر بوون بۆ پەرەسەندنی، بەڵام مەرجی پێویست کە بووە هۆی گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغی لە لیبیا، بریتییە لە چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی ئەمازیغەکانی لیبیا لەلایەن رژێمەکەی قەزافیەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، پرسی دانپێدانان بە ناسنامەی ئەمازیغی لە لیبیا رێڕەوی خۆی دۆزییەوە و هەڵکشانی بەخۆوە بینی و لەگەڵ

روخانی رژێمی عەقید معەممەر قەزافی گەیشتە لوتکە. لە ڕێگەی ئەم گەشەکردنەوە، دەبینین کە جوڵانەوەی ئەمازیغ لە لیبیا سودی لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان و گرنگیپێدانی زیاتر بە پرسی کەمینەکان وەرگـرت، هەروەها کەڵکیشی وەرگـرت لەو دەستکەوتانەی کە پێکهاتەی ئەمازیغی لە دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیا بەدەستیانهێناوە، ئەمە جگە لە کەڵکوەرگرتنیان لە ئەزمونی جوڵانەوەکانیان و بەشداریکردنیان لە بزوتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی لیبیا بە درێژایی مێژووی دروستبوونی، تا دەگاتە قۆناغی هەڵگرسانی شۆڕش لە دژی رژێمی قەزافی لە 17ی شوباتی ساڵی 2011.

## جوڵانەوەی ئەمازیغی و شیاندنی پێکەوەهەڵکردن

قۆناغی دوای شۆڕشی لیبیا دەستپێکرد و لە لیبیا پرسێك هەیە پێیدەوترێت «پرسی ئەمازیغی» بەو پێیەی کە ئەمازیغەکان بە کەمینە دادەنرێن. ئاستی هۆشیاری لە هەمبەر تایبەتمەندی ئیتنیکی گەیشتە مەبەست، ئەو هۆشیارییە رێگەی خۆی دۆزییەوە بەرەو بەرجەستەبوونی جوڵانەوەسازی لەسەر زەوی، بەوەش ئەمازیغەکان ئەجێندای خۆیان بەسەر کارلێك و هاوکێشە سیاسییەکانی لیبیادا سەپاند و توانییان کێشەکەیان بخەنەڕوو، بەو پێیەی کەمینەیەکی جیاوازن لە تەواوی لیبییەکانی تر، کە هەست بە چەوسانەوە دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ بەدەیهێنانی چەند ماف و داواکارییەکی دیاریکراو، لە روانگەی ناسنامەی ئیتنیکییانەوە. لەم قۆناغەشدا، لیبیا کۆمەڵێك روداوو کارلێککردنی پەیوەست بە پرسی ئەمازیغی بەخۆیەوە بینی، کە دەکرێت ناوی بنێین «جوڵانەوەی ئەمازیغی». لێردا پێویستدەکات ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەمازیغییەکانی لیبیا هەموویان لایەنگری خواست و داواکارییەکانی ئەم جوڵانەوەیە نین، بەڵکو بەشێك لە ئەمازیغەکان وتاری ئایدۆلۆژی چالاکوانانی ئەمازیغی رەتدەکەنەوە و پەسەندی ناکەن.

پەیوەست بە داواکارییەکانی ئەمازیغەکان، دەکرێت لەو خواست و داواکارییانەدا کۆیانبکەینەوە کە بەیاننامەی کۆتایی کۆڕبەندی مافە دەستورییەکانی ئەمازیغ لە لیبیا لەخۆیگرتووە، کە لە 12 کانوونی دووەمی 2013دا لەلایەن ئەنجومەنە خۆجێییەکانی شارە ئەمازیغنشینەکان سازکرا و بە هاوکاری ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەمازیغی بەڕێوەچوو. بەرئەنجامی ئەو کۆڕبەندە بریتیبوو لە دامەزراندنی گرنگترین دەستەی دامەزرێنەری وتەبێژ بە ناوی ئەمازیغەکانی لیبیای ئەمڕۆ، واتە ئەنجومەنی باڵای ئەمازیغەکانی لیبیا. لە بەیاننامەی کۆتایی ئەو کۆڕبەندەدا بە دەق ئاماژە بەم داواکارییانەی خوارەوە کراوە:

- دەقی دەستور جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ناسنامەی لیبیا ناسنامەی دەوڵەتی لیبیایە، بە قوڵایی دێرینی ئەمازیغی و هەموو سەرچاوەو ڕەهەندە شارستانی و کەلتورییە بەدوای یەکدا هاتووەکانییەوە، لەگەڵ پابەندبوونی بە بەرجەستەکردنی نیشانەکانی ئەم ناسنامەیە لە هەموو دروشم و سیمبوڵەکانی سەروەری دەوڵەتی لیبیا، وەك: زانست، سرودی نیشتمانی، دراو، بەڵگەنامەکانی سەلماندنی ناسنامە، پول، پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕاگەیاندن و... هتد.

- جەختکردن لەسەر دانانی زمانی ئەمازیغی بە زمانێکی فەرمی لە لیبیاو هاوتاکردنی لەگەڵ زمانە فەرمییەکانی تردا لەڕووی پێگەو بەهای لەلای هەموو لیبییەکان.

- جەختکردن لەسەر پێویستی داڕشتنی یاسایی ڕێکخراو، کە چۆنێتی ریزبەندکردنی زمانی ئەمازیغی لە بوارەکانی ژیانی گشتی پەیوەست بە دەوڵەتی لیبیاوە دیارییکات، بە مەبەستی زامنکردنی پارێزگاری یاسایی و کاراکردنی زمانی ئەمازیغی وەك زمانی فەرمی.

- گێڕانەوەی شکۆ بۆ مەزهەبی ئیبازی، بە ڕێگەپێدانی بۆ

پەیڕەوکردنی لە رووی یاسایی، فەتوادان، سروتی ئایینی، زانستی و میدیاییەوە. بە پێچەوانەی ئەم داواکارییە بنەڕەتیە جێگیرانەوە، چەندین داواکاری تریشیان هەبوو لە چوارچێوەی کارلێککردنە سیاسییەکاندا، بۆ نموونە وەك داواکردنی پۆستی وەزاری و بەشداریکردن لە پێکهێنانی حکومەتی ئینتیقالی و چەندین داواکاری تر، کە لە تەوەرێکی تری ئەم توێژینەوەیەدا باسیان لێوە دەکرێت.

لەم بەشەی داهاتوودا باسی گرنگترین رەهەند و دینامیکیاکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی و سەرچاوە پێکهێنەرەکانی دەکەین، لە گۆشەی ئاستی توانای خۆگونجاندنی بۆ پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ ئەو (4) فاکتەرەی لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان بۆکردن. جگە لەوەش باسی کارلێککردنەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی دەکەین لە رێگەی گرنگیدان بە (4) رەهەندی سەرەکی: بەشداری سیاسی، ئایدۆلۆژیا، حوکمی خۆجێیی، سیماکانی رەفتاری جوڵانەوەی ئەمازیغی. لە هەریەك لەم رەهەندانەشدا هەوڵدەدەین ئاست و قەبارەی بەریەککەوتنی سەرچاوەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەگەڵ (4) فاکتەرەکەی تردا بخەینەڕوو، کە لە تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەدا باسکران.

## یەکەم: بەشداریکردنی سیاسی ئەمازیغ

پرسی بەشداریکردنی سیاسییانەی ئەمازیغەکان لە ژیانی سیاسی لیبیا لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە بە شێوزازێکی دینامیکیانە و لە هەمانکاتدا ناچوونیەك دەرکەوتووە. سەرەتا ئاماژە دەکەین بۆ سروشتی ئەو ساتەوەختەی کە جوڵانەوەی ئەمازیغی تیادا دروستبوو، لە کاتێکدا کە رژێمی قەزافی هەرەسیهێنا و لە دوای خۆیەوە دۆخێکی هاوتای بە بێ دەوڵەتیی جێهێشت، ئەو دۆخە ئەنجامێکی لۆژیکی بوو بۆ رەوشی دەوڵەتی لیبیا لە سەردەمی ئەودا، کە بە شێوەیەکی گشتی بە لەدەستدانی سیستمی دامودەزگایی و بەشەخسیکردنی

دەسەڵات ناسرابوو، جگە لەوەش ئەنجامێك بوو بۆ سروشتی ئەو ڕێبازە توندوتیژەی شۆڕشی لیبیا گرتیەبەر، لەبەر ئەوە دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسی لیبیا لە دوای نەمانی قەزافی، وەکئەوە وابوو لە خاڵی سفرەوە دەستپێبکات. ئەو رەوشە رەنگیدایەوە لەسەر هەوڵ و تەقەللاکانی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناو پرۆسەی سیاسی لیبیا و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی لیبیا بۆ پڕکردنەوەی شوێنێك لە لیبیای نوێ، ئەوەش هۆکار بوو بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداریکردنی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی.

ئەمازیغەکانی لیبیا هەرگیز لەسەر ڕێـڕەوی ئـەم بنەمایە دەرنەچوون، بەڵکو لە یەکەم رۆژەوە خواستی راستەقینەی خۆیان نیشاندا بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و کاریگەری نواندن لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتی وڵات. ئەم خواستەی ئەمازیغییەکان بۆ بەشداریکردنی سیاسی لە (3) ریتمی رەفتاریدا بەرجەستە بووە، ئەمانەن:

1. هەوڵدانی ئەرێنییانە و راستەوخۆ بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا.

2. بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی، کە بە بەشداریکردنی نەرێنی دەدرێتە قەڵەم، بەڵام بایکۆتکردن لێرەدا بە ئامانجی هەوڵدان نییە بۆ شکستپێهێنانی پرۆسەی سیاسی یان دانپێدانەنانی بە شێوەیەکی رەهایی، بەڵکو بە مەبەستی گوشارخستنە سەر بەشداربوان لە پرۆسەی سیاسیدا ئەنجامدەدرا لە پێناو باشکردنی زۆرێك بارودۆخ، واتا ئەو هەنگاوە وەك چەکێکە نیشاندەدرێت بە مەبەستی باشکردنی مەرجەکانی بەشداریکردنی سیاسی.

3. ئەم ریتمەیان پەیوەستە بە ریتمی دووەمەوە، ئەویش بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی دوورخستنەوە لە بەشداری کردن.

فاکتەری جوگرافی و جیاوازی ناوچەیی بە تایبەتی، کاریگەرترین

فاکتەرە لە رووی دارِشتن و دیاریکردنی چوارچێوەکانی نەخشەی سیاسی لیبیا، ئەوەش هەر لە یەکەم رۆژی پێکهێنانی ئەنجومەنی ئینتیقالی لیبیا لەپێش روخاندنی رژێمی قەزافی و لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی لیبیا دەرکەوت. بۆ نموونە (عەلی زێدان) لە دوای پێکهێنانی دووەمین کابینەی حکومەتی کاتی لیبیا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لە پێکهاتەی کابینەکەیدا فاکتەری جوگرافی لەبەرچاو گرتووە، کە بە هۆکارێکی بابەتیانە و راستەقینە دادەنرێت، بۆئەوەی نیشتمان لەو کابینە وەزاریەدا بە هەموو بەش و پێکهێنەرەکانیەوە ئامادەیی هەبێت و سەرجەم وەزیرەکان ببنە چاوی هەموو هەرێمەکانی نیشتمان (لیبیا)، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا، دەبینین کە بەشێکی زۆری ئەمازیغەکان بە جدی هەوڵدەدەن بۆ تێپەڕاندنی جیاکاری لەگەڵ عەرەبەکان بەرەوپێشەوە لە رێگەی زەقکردنەوەی ناسنامەی ئیتنیکیەوە لە روانگەی هەڵسوکەوتی سیاسییەوە. بەوەش یەکێك لە ناچونیەکە گرنگەکان لە نێوان پێشبینی سیاسی لەلای ئەمازیغ سەبارەت بە بەشداری سیاسی و نێوان ئەو دینامیکیایانەی حوکمی ژینگەی سیاسی لیبیا دەکـەن، بە تایبەتیش مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و پرۆسەی دارِشتنی دەستور.

لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان تێکەڵبوون بە مانا کەلتورییەکەی و تێکەڵبوون بە مانا سیاسیەکەی، چونکە تێکەڵبوون بە مانا کەلتورییەکەی پرۆسەی سڕینەوەی ناسنامە دەگرێتەخۆ، ئەوەش مەسەلەیەکی نەخوازراوە و یارمەتیدەر نییە لە سەقامگیری کۆمەڵگە، بەڵام تێکەڵبوون بە مانا سیاسیەکەی جیاکاری نەکردن لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی بەشداریکردنی سیاسی دەگرێتەوە.لێرەدا سەبارەت بە پرسی ئەمازیغ دەکرێت بڵێین: ئەگەر کار بەو بنەمایە بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەمازیغ لە لیبیا لە رووی ژمارەوە کەمینەیەکی بچوکە، ئەوا هیچکام لە هاوڵاتیانی سەر بەم

کەمینە ئیتنیە، نەیدەتونی بگاتە پۆستی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی لیبیا، هەروەك کەسێکی وەك (نوری بوسەهمین) پێیگەیشتووە.

دەربارەی مەسەلەی دەستوریش، ئەمازیغەکان لە مانگی شوباتی 2014دا بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی لیژنەی شەستیان داڕشتنی دەستورییان دا، ئەوەش وەك نارەزاییەك لە دژی داڕشتنی ماددەی (30) ی راگەیاندنی دەستوری، کە جەختدەکات لەسەر بەڕێکردنی ماددە دەستورییەکان بەپێی حوکمی زۆرینە، لە کاتێکدا ئەمازیغەکان پێیانوایە ئەم ماددانەی دەستور باسی مافەکانیانی ئەوانیان نەکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەڕاستی ساڵی 2014دا ئەو ماددەیەی دەستور لەناو کۆنگرەی نیشتمانی گشتیدا هەموارکرا و لە داڕشتنە نوێیەکەیدا دەڵێت «بڕیارەکان لەناو دەستەی داڕشتنی دەستور بەپێی سیستمی 50+1 دەردەچێت»، بەڵام بە مەرجێك یەکێك لە ئەندامانی پێکهاتە کەلتوری و ئیتنییەکان لەناو ئەو نیسابە یاساییەدا بێت کە پەیوەندی بە مافی پێکهاتەکەیەوە هەیە و رەزامەندبوونیشی مەرجێکی سەرەکیە بۆ پەسەندکردنی ماددەکە». سەرەڕای دەرچواندنی ئەو دەقە دەستوریە تازەیە، بەڵام ئەمازیغەکان سوربوون لەسەر هەڵوێستی توندییان لە بەرامبەر لیژنەی داڕشتنی دەستور. لەو بارەیەوە (ئیبراهیم مەخلوف) سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەمازیغ لە لیبیا رایگەیاند: «ئەم دەقە نوێیەی ماددەکە کەمترین ئاستی خواست و داواکارییەکانی ئەمازیغ دەستەبەر ناکات، چونکە دەقەکە خۆی شلوشاو و لاوازە، هەروەها ئاماژەشی بۆ سیمبوڵەکانی سەروەری دەوڵەت نەکردووە، وەك زمانی دەوڵەت و ناسنامەکەی».

سەرەڕای ئەو هەوڵدانەی ئەمازیغ بۆ درووستکردنی کاریگەریێتی لەسەر دینامیکیاکانی پرۆسەی سیاسی بە جۆرێك کە خواست و ئامانجە ئیتنیکییەکان تێر بکات، بۆیە دەبینین ئەوە تا ئێستا دیارە بریتییە لەوە کەپێکهاتەی ئەمازیغ لە هەڵوێستە سیاسییەکانی و جموجووڵەکانیدا یەکدەنگ و یەکڕیز نییە، ئەمە جگە لەو ناکۆکیە

ناوخۆییانەی لە نێوان لایەن و ڕێکخراوەکان و چالاکانی ناو جوڵانەوەی ئەمازیغی هەیە، چونکە لەلایەن هەندێك سیاسەتمەدارانی ئەمازیغ ناڕەزایی هەیە لە هەمبەر ئەو خواست و داواکارییانەی چالاکوانانی ئەمازیغی بەرزییانکردۆتەوە، ئەمەش بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی قەزافیدا هەندێك لەو سیاسییانەی بە ڕەچەڵەك ئەمازیغین دەستیان هەبووە لە سیاسەتەکانی بەعەرەبکردن و سڕینەوەی ناوسنامەی ئەمازیغی لە لیبیا.

دیارترین ئەو ئاماژانەی هێما دەکەن بۆ دابەشبوونی هەڵوێستی ئەمازیغیەکان، دەربڕینی هەڵویستی (عوسمان بن ساسی)، ئەندامی ئەنجومەنی ئینتیقالیە لەسەر پشکی شاری زوارە، کاتێك لە بەرنامەی (ڕێگەی شـۆڕش)ی کەناڵی ئاسمانی (لیبیا الاحـرار)دا لە دژی خۆپیشاندانەکانی مەیدانی شەهیدان وەستایەوە، کە خۆپیشاندانەکە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بوو لە دژی دوورخستنەوەی ئەمازیغ لە پێکهاتەی حکومەتی لیبیا. یەکێکیتر لە نموونەکانی دابەشبوونی نێوان ئەمازیغەکان، گەڕانەوەی ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی لیبیا لەسەر پشکی شاری (یەفرن)ی ئەمازیغی بۆ ئەندامێکی کۆنگرەکە بە تەنها، دوایئەوەی ئەمازیغەکان لە ڕێگەی ئەنجومەنی باڵاوە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی بڕیارییاندا لە کۆنگرەی نیشتمانی بکشێنەوە، وەك ناڕەزایی لە بەرامبەر پەراوێزخستن و نوێنەرایەتی شەکڵییان لە دەستەی دامەزرێنەری داڕشتنی دەستور (چونکە لە کۆی 60 کورسی، تەنها 2 کورسییان پێدرا). لە کۆتاییدا، سەرەڕای بایکۆتکردنی لیژنەی داڕشتنەوەی دەستور و کۆنگرەی نیشتمانی، (نوری بوسەهمین) سەرۆکی کۆنگرە کە لە ڕەچەڵەکی ئەمازیغییە، هیچ هەڵوێستێکی لەو بارەیەوە نیشان نەدا، هەرچەندە چالاکوانانی ئەمازیغی بە نوێنەری کێشەی ئەمازیغی ناناسن، بەڵام تاکو ئێستا لە پۆستەکەی بەردەوامە.

بەمشێوەیە قەبارەی ناچوونیەکی لە نێوان دیدو بۆچوونەکانی ئەمازیغەکان و دینامیکیاکانی سیاسەتمەدارانی لیبیا بە دەردەکەوێت، جگە لە ناچوونیەکی لەناو ریـزی خـودی ئەمازیغەکان. لەم چوارچێوەیەشدا، پێویستدەکات پرسیاری تایبەت بە رەنگدانەوەی بیرودۆچوونی ئەمازیغەکان سەبارەت بە پرسی بەشداری سیاسی و کاردانەوەی لەسەر سەقامگیری ژیانی سیاسی لیبیا و بەدیهاتنی پێکەوەهەڵکردنی نیشتمانی بوروژێنرێت. ئەگەرچی لیبیا بە ئاستێك لە ئاستەکان بەدەست گرفتی دابەشبوونی جوگرافی و سەروەربوونی رەهەندی ناوچەگەرێتیەوە دەناڵێنێت، نەك تەنها لە نێوان سێ هەرێمە سەرەکییەکەدا، بەڵکوئەو دیاردەیە لە نێوان شارەکانی ناو یەك هەرێمیش بەدیدەکرێت، ، بەڵام ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جیاکاریی ئیتنیکی وەکو زەمینەی سەرهەڵدانی لە ئەنجامی کاری سیاسییەوە بەرەو لاوازکردنی کاریگەری فاکتەرە هەرێمی و ناوچەییەکان، بەو پێیەی کە یەکێکە لە بنەماکانی دارشتنی نەخشەی سیاسی، یان رەوشی سیاسی لیبیا لەوەش ئاڵۆزتر دەکات؟

## دووەم: ئایدۆلۆژیا و کارلێککردنەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی

ئەزمونی مێژوو سـەبـارەت بە مامەڵەکردنی سیستمەکانی دەسەڵات لە دەوڵەتانی باکور ئەفریقیا بە شێوەیەکی گشتی و لە لیبیا بە شێوەیەکی تایبەتی، ئاماژە دەکات بۆ هەبوونی کاریگەرێتی ئاڕاستە فکری و ئایدولۆژییەکانی وابەست بە سیستمەکانی دەسەڵات لە رووی هەڵوێستیان بەرامبەر بە ناسنامەی پێکهاتەی ئەمازیغی، لەبەر ئەوە ئاشنابوون بە ئەگەرەکانی خۆگونجاندنی ئەمازیغ لەگەڵ دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا لە قۆناغی دوای دەسەڵاتی رژێمی قەزافی

وا پێویستدەکات بە سروشتی کاریگەری فاکتەری ئایدۆلۆژی لەلای عەرەبەکان و ئەمازیغەکان و ئاستی وابەستەبوونی ئەم کاریگەرێتیە بە سروشتی دینامیکیا باوەکانی ژیانی سیاسی لیبیا ئاشنا بین. کێشەی ئەمازیغی لە روانگەی (3) زەمینەی ئایدۆلۆژییەوە رووبەڕووی هەڕەشە و دژایەتیکردن بۆتەوە:

1. ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی.
2. ئایدۆلۆژیای ئایینی.
3. ئاوێتەبوونی نێوان هەردوو ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و ئایینی.

لە راستیدا ناسیۆنالیستی عەرەبی کە لە سایی دەسەڵاتی قەزافیدا نوێنەرایەتی سیمایەکی ئایدۆلۆژی سەرەکی کرد، رۆڵێکی باڵای گێڕا لە دروستکردنی هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر کەمینەی ئەمازیغی. قەزافی نکۆڵی لە بوونی ئەمازیغەکان دەکرد، بەو پاساوەی کە لە رووی کەلتوری و ئیتنی و زمانەوە نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵکو بە عەرەبە دێرینەکان ناوزەدی دەکردن. ئەم هەڵوێستە رەنگدانەوەی هەبوو تا ئاستی رێگرتن لە بەکارهێنانی زمانی ئەمازیغی و رێگرتن لە ئەنجامدانی چالاکیە کەلتورییەکانی پێکهاتەی ئەمازیغی، جگە لە راوەدونان و تەنگەتاوکردنی چالاکوانەکانی ئەمازیغ. لەسەر ئاستی مەزهەبیش هەمان مامەڵەکردن رویـدەدا، چونکە لە سەرتاسەری لیبیادا مەزهەبی مالیکی تەنها مەزهەبی پەیڕەوکراو بـوو، لە بەرامبەریشدا مەزهەبی (ئیبازی) لەناو ئەمازیغەکاندا پەیڕەو دەکرا، ، بەڵام جارێك مەزهەبی (ئیبازی) تەنگەتاو دەکرا، جارێکی تریش ئیعتیرافی پێنەدەکرا. سەرباری هەبوونی ئەو دژایەتیە ناسیۆنالیستی و مەزهەبیە لە بەرامبەر ئەمازیغ، هەندێکجاریش لەژێر دروشمی «بەگژداچوونەوەی شعوبیەت» لە رێگەی ئاوێتەکردنی نێوان عروبە و ئیسلام، دژایەتی پێکهاتەی ئەمازیغی دەکرا.

سەرەڕای ئەوەی کە دەقی راگەیەنراوی دەستوری کاتی لە 3ی

ئابی 2011دا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالیەوە دەرچووە هاتووە: رێز لە بیروڕا ئاینییەکان، فرەجۆری کەلتوری، مافی کەمینەکان دەگیرێت، دژایەتی دەمارگیری دەکرێت و بنەماکانی هاوڵاتیبوون جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئەمازیغەکان لە پێناو بەدیهێنانی هەندێك دەستکەوتی کەلتوری و سیاسی و رازیبوون بە داواکارییەکان رووبەڕوی کێشەو گرفتی زۆر کرانەوە. راوێژکار (مستەفا عەبدولجەلیل)، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لیبیا چالاکوانە ئەمازیغییە ناڕازییەکانی لە دژی حکومەتەکەی عەبدولڕەحیم ئەلکیب بەوە تۆمەتبار کرد، کە ئەجێندای دەرەکی جێبەجێ دەکەن، ئەمەش پاڵی بە ئەمازیغەکانەوە نا ئەو لێدوانەی عەبدولجەلیل و لێداوانەکانی قەزافی بخەنە یەك تای تەرازوو، لە کاتێکدا قەزافی پرسی ئەمازیغی بە دەستکردی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دەدایە قەڵەم. لە لایەکیترەوە دەتوانین بڵێین کە هەڵکشانی ئەستێرەی رەوتە ئیسلامییەکانی لیبیا لە دوای بەرپابوونی شۆڕش، بووە کۆسپێکی تر لەبەردەم جوڵانەوەی ئەمازیغی، تەنانەت کاریگەرێتی فاکتەری ئایینی بە جۆرێك دەرکەوت، کە موفتی لیبیا شێخ (صادق ئەلغریانی) لە لێدوانێکدا لە دێسەمبەری ساڵی 2012 دەربارەی بەدەستوریکردنی پرسی ئەمازیغی، پێداگریکرد کە ئەستەمە زمانی ئەمازیغی بکرێتە زمانێکی فەرمی لەناو دەستوری نوێی لیبیا، چونکە بابەتێکی وا دەرگا لەبەردەم بەرپابوونی فیتنەیەك دەکاتەوە. ئەو لێدوانەی (صادق ئەلغریانی) مەترسی لەسەر قورسایی سیاسی تێدا بەدیدەکرێت، کە خوای ئەلغریانی نوێنەرایەتی دەکات، چونکە یەکێکە لە گرنگترین کەسایەتیە ئیسلامییەکان لە لیبیای دوای شۆڕش. هەمان تێڕوانینی ئایینی لە لێدوانێکی شێخ (سالم ئەلشەیخی) وەزیری ئەوقافی پێشووتری لیبیا لە سەردەمی ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لیبیا دەردەکەوێت، کاتێك لە بەرنامەیەکی کەناڵی (الجزیرە) دا پێداگری کرد لەسەر بنەڕەتگەرایی پێکهاتەی زمان لە ناسنامەی

ئیسلامیدا، ئەوەش بێزاری و نارەزایی ئەمازیغەکانی لێکەوتەوە، هەرچەندە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ لێدوانەکەی دەریدەخات کە ئەو لە چوارچێوەی پابەندبوون بە عەرەبایەتی لە بەرامبەر هێرشی کەلتوریی زمانە خۆرئاواییەکان هەڵوێستی دەربڕیوە، نەك لە هەمبەر بووژانەوەی زمانی ئەمازیغیدا.

بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستە توندوتیژە روپۆشکراوە بە پۆشەرێکی ئیسلامییانە لە بەرامبەر ئەمازیغ، کە لە ماوەی ئینتیقالی دوای شۆڕشی لیبیا بەدەرکەوت، چەندین ئاماژە بە ئاراستەی پێچەوانەدا لەدوای هەڵبژاردنی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی دەرکەوتن، ئەو هەڵبژاردنانەی کە تیایدا رەوتی لیبراڵی سەر بە تەجەموعی نیشتمانی دیموکراتی بە رابەرایەتی (مەحمود جبریل) زۆر بەهێز لە بەرامبەر رەوتی ئیسلامگەرادا دەرکـەوت. ئەو ئەنجامەش دەربڕ و وەڵامـدەرەوەی گۆڕانکاری بەدەستهاتوو بوو بە پێشوازیکردنی لەلایەن (محەمەد ئەلمقریف)، یەکەمین سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی، ئەویش بەپێی دەقی ئەو دەستورەی کە بڕیارە دابڕێژرێت و دانانی زمانی ئەمازیغی بە زمانی فەرمی تیایدا جێبکرێتەوە. لە لاکەیترەوە بە دیدو بۆچوونی خـودی ئەمازیغەکان، لێرەوە دوو ئاماژەی گرنگ سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای ئەمازیغی (ئەگەر دەربڕینی شیاو بێت) دەردەکەون:

یەکەم بریتیە لە حەزکردن بە تێپەڕاندنی جیاوازی خێڵەکی لەناو ریزەکانی پێکهاتەی ئەمازیغی. هەروەك پێشتر باسمانکرد، گەشەکردنی پەیوەندی کەمینەی ئەمازیغی بە دەوڵەتی لە لیبیا، دوو ئاڕاستەی لێکتر دابڕاوی وەرگرت، کە دەگونجێن لەگەڵ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی ئەمازیغ. لە لیبیا ئەمازیغەکانی چیانشین بوونیان هەیە، کە خواست و داواکارییەکانی ئەمازیغیان لە ئەستۆ گرتووە، هەروەها تەواریقەکان هەن، کە ناسنامەی وابەستەیی ئیتنیکییان دەچێتەوە سەر هەموو ئەمازیغ. ئەمازیغەکانی لیبیا هەوڵدەدەن ریزەکانیان

ڕێکبخەنەوە و لەژێر یەک دروشمدا یەکبگرن. هەندێک لە کەسایەتییە چالاکەکانی ئەمازیغ زیاتر لە جارێک بیرۆکەی جیاکردنەوەی نێوان ئەمازیغ و تەواریقەکانیان ڕەتکردۆتەوە، بە تایبەتی جیاکردنەوەیان لە یاسای مافی پێکهاتە زمانیی و کەلتورییەکان، کە کۆنگرەی نیشتمانی گشتی لە تەموزی ساڵی 2013دا پەسەندی کردووە، بەڵام ئامانجی ئەو دابڕان و جیاوازیکردنە هەروەک هەندێک لە چالاکوانانی ئەمازیغ پێشبینی دەکەن، بۆ لەتکردنی ریزی پێکهاتەی ئەمازیغەکان نییە، بەڵکو لە رووی گەشەکردنی مێژوویی تایبەت بە کۆمەڵگە ئەمازیغییەکانی لیبیا، بناغەیەکی پتەو و بەهێزی هەیە، ئەوەش لەگەڵ درکپێکردنی تەواریقەکان لە بەرامبەر ناسنامەی ئیتنییاندا یەکدەگرێتەوە، بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئاماژە دەکەین بە یەکێك لەو بەندانەی لە کۆی راسپاردەکانی ناو یەکێك لە بەڵگەنامەکانی ئەمازیغدا هاتووە، کە دەڵێت: «هەر کارێك ئاسایش و ئارامی ئەمازیغیەك لە لیبیا بکاتە ئامانج، بە کارێکی دوژمنکارانە لە دژی هەموو ئەمازیغ دادەنرێت، بۆیە لەلایەن ئەمازیغەکانەوە بە هەموو رێگەیەك وەڵامدەدرێتەوە».

لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین: کارلێکە ئایدۆلۆژییەکان لەلای ئەمازیغەکان و پێکهاتەکانی تریش بەریەککەوتنییان هەیە لەگەڵ دینامیکیای کێشەکە و سیماکانی ژیانی سیاسی لیبیادا، بە تایبەتیش بە کارتێکردنیان لەلایەن هەردوو فاکتەری ئایین و خێڵ. سەبارەت بە فاکتەری یەکەم (ئایین)، پێویستە جیاوازی لە نێوان هەردوو ئاستی کەلتوری و سیاسیدا بکرێت. لەسەر ئاستی سیاسی، ئایین بووەتە کۆسپێك لەبەردەم بەدیهاتنی خواست و داواکارییەکانی ئەمازیغ، بەڵام لە بەرامبەردا دەبینین کە خودی ئەمازیغەکان لەسەر ئاستی کەلتوری داوای گێڕانەوەی شکۆ بۆ مەزهەبی (ئیبازی) دەکەن. لە هەموو بارێکدا دەتوانین بڵێین کە کارلێککردنەکانی تایبەت بە فاکتەری ئایینی هەمووی کارلێکی لەقاڵبدراون و پەیوەندیدارن بە کاریگەری

ئەم فاکتەرە لەسەر ژیانی سیاسی، بەڵام بەرکەوتنی کاریگەری خێڵ لەگەڵ جوڵانەوەی ئەمازیغیدا، پەیوەندیدار نییە بە قاڵبی ژینگەی سیاسیەوە بەو پێیەی کە پرسێکی ناوخۆیی و تایبەتە بە دیدو تێڕوانینی خودی ئەمازیغەکان. بە واتایەکیتر، ئەمازیغەکان هەوڵنادەن بۆ درووستکردنی گۆڕانکارییەك سەبارەت بەو رۆڵەی کە خێڵ لە ژینگەی ژیانی سیاسی لیبیادا دەیگێڕێت، بەڵام بەبەتەکە پەیوەستە بە هەوڵدانیان بۆ تێپەڕاندنی بازنەی جیاوازییە خێڵەکییەکان لەناو ریزی خودی ئەمازیغەکاندا، لێرەدا تێپەڕاندن بە مانای لابردن نایەت، بەڵکو بە مانای بێلایەنکردنی ئەو کاریگەرێتیە سیاسیە دێت، کە دەیەوێت ریزی ئەمازیغەکان یەکبخات.

### سێیەم: بەڕێوەبردنی ناوچە ئەمازیغنشینەکان

لە کاتێکدا کە دامودەزگاکانی دەوڵەتی لیبیا لاواز و کەمتوانا بوون لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان، بە تایبەتی لەسەر ئاستی ناوەندێتی، بە جۆرێك لە دوای شۆڕش وا دەردەکەوت کە دەوڵەتی لیبیا بەناو حاڵەتی هەرەسهێنان و داڕماندا تێدەپەڕێت، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە ئەنجومەنە خوێجێیەکان رۆڵی گەورەی لە بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیاندا بینی، ئەوەش شانبەشانی هەندێك لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەو شارانەی ئاخاوتن تێیاندا بە زمانی ئەمازیغیە، سەلماندییان کە خاوەنی وزە و توانا و رێکخستنێکی گەورەن لەنێوان خۆیاندا، ئەوەش گەورەترین کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ئەمازیغی هەبوو لە لیبیای دوای شۆڕش. بۆ تێگەیشتن لە رەهەندەکانی ئەو رۆڵبینیە، پێویستدەکات لە پەراوێزی کاری جوڵانەوەی ئەمازیغی لەو شارانەدا لەپاڵ واقیعی ئەزموونی مێژوویی لیبیا لێی بڕوانین. لە راستیدا هەروەك لە تەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا رونمانکردەوە، رەهەندی ناوچەگەرێتی رەگ و ریشەی لەناو کۆمەڵگەی لیبیا داکوتاوە،

ئەمە سـەرەڕای گۆڕانی لیبیا بەرەو فۆرمێکی یەکگرتوو دوایئەوەی فۆرمی دەوڵەتەکە فیدراڵی بوو. قەزافی کەلتورێکی بە بەری ئەو دەوڵەتە یەکگرتووەدا کرد، بۆ ئـەوەی لە مـاوەی دەسەڵاتەکەیدا سیماکانی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر کەسایەتی خۆی و بنەماڵەکەی چڕ بێتەوە، لەپاڵ هەندێك نیشانەی تیۆریی پێچەوانەدا کە لە چوارچێوەی (تیۆری جیهانیی سێیەم)دا مەیلییان بەلای سیستمی نامەرکەزیدا هەبوو، کە هاوڕا بوو لەگەڵ فراوانکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی (ناوخۆیی)دا. بەمەش فراوانکردنی رێکخراوەیی لە سیستمی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتیدا هیچ پاشەکشەیەکی لە رووی وابەستەیی سیاسی وپشتپێبەستنی دارایی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا، کە یەکە خۆجێییەکانی بە دەوڵەتی ناوەندییەوە دەبەستەوە.

لە ئەنجامی ئەو لاوازییەی لە ئەنجامی روخانی رژێمی قەزافی توشی دەوڵەتی لیبیا هات و بەهۆی ئەو پاشاگەردانیەی ناوخۆی لیبیا بەخۆیەوە بینی لەئەنجامی لەدەستدانی توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، جارێکی تریش رەهەندی ناوچەگەرێتی، بە شێوەیەکی بەهێزتر لە جاران خۆی نمایشکردەوە. دیارترین دەرهاویشتەکانی ئەو دۆخە ئاڵۆزە بریتیبوو لە سەرهەڵدانی رەوتێکی بەرگریکار لە فیدراڵیەت لەناو هەرێمی بورقە لە خۆرهەڵاتی لیبیا. هاوتەریب لەگەڵ ئەو خواستە بۆ فیدراڵیەت، سروشتی بارودۆخی سیاسی و مەیدانی رۆڵێکی گەورەتری بە ئەنجومەنە خۆجێییەکان بەخشی بۆ راییکردنی کاروباری گشتی خەڵك. لە روانگەی ئەمازیغیەوە، شاری (زوارە)ی ئەمازیغنشین بووە گۆڕەپانی یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسییانەی پاك و بێگەرد لە لیبیای دوای قەزافی. لە چوارچێوەی جوڵانەوەی ئەمازیغی، ئەنجومەنە خۆجێییەکانی ئەوشارانەی بە زمانی ئەمازیغی قسە دەکەن رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە، ئەوەش لە چەندین وێستگەدا

بەرجەستە بووە، بۆ نموونە دیارترینیان ڕاگەیاندنی ڕۆژی ڕێکەوتی سەری ساڵی ئەمازیغی و دیاریکردنیەتی وەك پشووی فەرمی لەو شارانە بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری حکومەتی ناوەندی، جگە لەوەش ئەم ئەنجومەنانە لە ڕێگەی بەیاننامەی فەرمیەوە ئەو هەنگاوەیان ڕاگەیاندووە، هەروەها ئەمازیغەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی ئەمازیغی بە شێوەیەکی فەرمی دەستپێشخەرییان کردووە، بۆ نموونە پەیوەست بە خوێندنی زمانی ئەمازیغی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن، یان دانانی زمانی ئەمازیغی وەك زمانی فەرمی لەو دۆسیەو مامەڵە حکومییانەدا کە ئەنجومەنە خۆجێییەکان ئەنجامیان دەدەن.

بەمشێوەیە هەڵسوکەوتی ئەمازیغی بە شێوەیەکی یەکلایەنە کاری لەسەر کرا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی زمانی ئەمازیغی لە قۆناغێکی سەرەتاییدا. لەپێش یەکلاییکردنەوەی ئەو شەڕەدا لەناو دەستور، کە دەکرێت بە شێوازێکی ڕواڵەتی بە ریتمێکی هاوتەریب دابنرێت، ئەگەرچی کاریگەری لەسەر رەهەندی فیدراڵی لە خۆرهەڵات کەمتریش بێت، بەڵام هەر ئەو ویستەبوو تاکلایەنە هەوڵیدا بۆ ڕاگەیاندنی هەرێمی بورقە وەك ناوچەیەکی خاوەن حوکمی ئۆتۆنۆمی بەبێ گەڕانەوەی بۆ بڕیاری دەوڵەت لەمبارەیەوە. پێدەچێت ئەمازیغەکان کۆکبن لەسەر ئەو هەوڵدانە هەڵکەوتووە بۆ فیدراڵیەت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی وڵاتەکە، هەرچەندە ئەمازیغەکان یەکەمین کەس نەبوون لە پێشنیازکردنی سیستمی فیدراڵیەت، بەڵام بوژاندنەوەی ئەو خواستە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەچێتە خانەی خزمەتکردن بە بەدیهێنانی داواکارییەکانیان، لە گۆشەنیگای کەمکردنەوەی دەستێوەردانەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی کاروبارە ژیانییەکانی هاوڵاتیان. ئەم بەریەککەوتنە لە چەند وێستگەیەکدا لە هەڵوێستەکانی ئەمازیغەکان و لایەنگرانی فیدراڵیەت بە ڕوونی دەرکەوت، دیارترینیان بریتییە لە بەشداریکردنی ئەمازیغەکان و بەرزکردنەوەی ئاڵای

ئەمازیغی لەو خۆپیشاندانەدا کە لایەنگرانی سیستمی فیدراڵیەت لە کانوونی دووەمی 2012 لە شاری بەنی غازی ڕێکیانخست، یان کردنەوەی لقی ( فراکسیۆنی ئیتیحادی نیشتمانی)، کە ئاراستەیەکی فیدراڵی هەیە لە شاری زورەی ئەمازیغی نشین. لە لایەکیترەوە بە شێوەیەکی راشکاوانە لە رێگەی بەیاننامەیەکی هاوبەشەوە، کە لە رێگەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە لە شاری (نالوت)ی ئەمازیغی دەرچوو، بژاردەی جیابوونەوەیان تاوتوێکرد، لە کاتێکدا کە ژمارەیەك لەدامودەزگا سیاسییەکان و هەردوو بازنەی مافپەروەری و کەلتوری کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاسای هەڵبژاردنی دەستەی دامەزرێنەری دارشتنی دەستوری لیبیا، کە لە ماددەی پێنجەمیدا باسی دەنگدان لەسەر مافی پێکهاتە کەلتوری و خاوەن زمانەکانی لیبیا دەکات. لە دەقی بەیاننامەکەشیاندا هاتووە «لە کاتی دوورخستنەوەی ئەمازیغ، جیابوونەوە لە دەوڵەت رادەگەیەنرێت».

لەم ئاستەی لێکۆڵینەوەدا دەکرێت بگەینە ئەنجامێك ئەویش ئەوەیە کە بەرژەوەندیەکی ئەمازیغی رەسـەن هەیە لە رووی بەرجەستەکردنی رەهەندی ناوچەگەرێتی دژە ناوەندێتی دەوڵەت، ئەویش بە ئاستێکی بـاڵای خۆگونجاندن لە نێوان یەکێك لە سەرچاوەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی و ئەم رەهەندەدا هەیە، کە بە یەکێك لە دینامیکیا بزوێنەرەکانی کارلێککردنی ژیانی سیاسی لیبیا دەژمێردرێت. ئەم خۆگونجاندن و پێکەوەهەڵکردنەی ئەمازیغ هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی کارەکانی پرۆسەی دارشتنی دەستوردا، گەیشتە پێگەو ئاستێکی گەورەتر، چونکە چالاکوانانی ئەمازیغ هەڕەشەی داخستن و رێگرتن لە هاتنی هەموو سەرچاوە ئابورییەکانی ناو سنوری ئەو ناوچانەیان کرد کە بە زمانی ئەمازیغی قسە دەکەن، وەك خۆراك و بیرە نەوتییەکان و دەروازە سنورییەکان، جگەلە گواستنەوە و دانانی هەموو داهاتەکەی لەناو گەنجینەی هەرێمەکەدا، ئەوە بۆخۆی

ڕەوشێکە لە ڕێگەی گرتنەبەری هەنگاوی پراکتیکی لە ڕێگەی پەیڕەوی فیدراڵیەوە بەدیدێت، هاوشێوەی جموجووڵەکان لە هەرێمی بورقە.

چوارەم: جوڵانەوەی ئەمازیغی لە نێوان ئاشتیخوازی و توندوتیژیدا

یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییە ناسراوەکانی دەوڵەت ئەوەیە، کە دەوڵەت ئەو لایەنەیە ئامرازەکانی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگە لە دەستی خۆیدا قۆرخدەکات. ئێستا ئاشکرایە کە دەوڵەتی لیبیا لە دوای شۆڕشەوە ئەم تایبەتمەندیەتەی لەدەستداوە، هەروەها بەکارهێنانی چەك بووە بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بونیادگەرایی، کە کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی لیبیا دروستکردووە، بە تایبەتی دوایئەوەی ئەم بابەتە لە دوای رفاندنی (عەلی زێدان) سەرۆك وەزیرانی پێشووتری لیبیا لەژێر هەڕەشەی چەکدا، گەیشتە لوتکە. لێرەوە پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت سەبارەت بەوەی ئایا تا چەندێك جوڵانەوەی ئەمازیغی گرتنەبەری شێوازی کارکردنی ئاشتیانە بەباشتر دەزانێت لەلایەك، لە لایەکیتریشەوە تا چەندێك خۆی گونجاندووە لەگەڵ دینامیکیای توندوتیژی و بەکارهێنانی چەك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی.

لە دوای شۆڕش ئەمازیغەکان رووپانکردە گرتنەبەر کاری سیاسی مەدەنی ئاشتیخوازانە، ئەوەبوو ژمارەیەك ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییان دامەزراند، کە کارو چالاکییەکانیان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریدا چڕکردەوە. لەسەر ئاستی پێودانگی سیاسی کۆنگرەی نیشتمانی ئەمازیغی لیبیا هەیە، کە رۆڵ و کاریگەری دەچێتە خزمەتی بەرژەوەندی ئەنجومەنی باڵای ئەمازیغی لە لیبیا، کە لە ئێستادا بە دەستەی قسەکەر بە ناوی ئەمازیغەکانەوە دەدرێتە قەڵەم. هەروەها لەسەر ئاستی هەردوو پێودانگی کەلتوری و کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی تر لە دامودەزگاکان بوونیان هەیە، دیارترینیان: کۆمەڵەی تالا بۆ کەلتور و گەشتیاری، کۆمەڵەی (نانا مارن)ی ئەهلی خێرخوازی، کۆمەڵەی تامزغا بۆ گرنگیدان بە کەلتوری ئەمازیغی لە تەرابلوس، کۆمەڵەی (بصمە) بۆ

ڕۆشنبیری و کەلتور لە شاری نالوت، کۆمەڵەی (الفتح) بۆ لێکۆڵینەوەی مەزهەبی ئیبازی و چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی تر، کە ڕۆڵێکی ژیاری و گرنگ دەگێڕن بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی ناسنامەی ئەمازیغی. بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لۆکاڵی لە لیبیا، هەروەها چەندین کارو چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەمازیغی هەن سنوری لیبیایان تێپەڕاندووە، لە سەروویانەوە گرنگرێسی جیهانی ئەمازیغی بە سەرۆکایەتی چالاکوانی ئەمازیغی لیبی (فەتحی بن خەلیفە)، بەڵام سەرەڕای زاڵبوونی پەیڕەوی ئاشتیخوازانە بەسەر جوڵانەوەی ئەمازیغیدا، نابێت دەرکەوتنی ئاسۆکانی ئاڕاستەیەکی تری توندوتیژ لەناو ئەم جووڵانەوەیەدا پشتگوێ بخرێت.

یەکەمین نیشانەکانی عەسکەرتارییەت لەناو جوڵانەوەی ئەمازیغی بە شێوەیەکی خۆڕسك و ئاسایی لەگەڵ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی لیبیا دەرکـەوت، چونکە میلیشیا ئەمازیغییەکان ڕۆڵێکی پێشەنگییان لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەدا گێڕا، کە لە خۆرئاوای لیبیا ڕویاندا، لە ئەنجامدا دوای ئازادکردنی، ئاڵای ئەمازیغییان لەسەر (باب العزیزیە) واتا بارەگاکەی قەزافی بەرزکردەوە، بەڵام لەپاش روخاندنی رژێمی قەزافی، هەڵسوکەوتی میلیشیا ئەمازیغییەکان بە گشتی لە بەرامبەر عەرەبەکاندا خراپ نەبوو، چونکە زیاتر کەوتبووە ژێر کارتێکردنی فاکتەرە جوگرافییەکان نەك فاکتەرە ئیتنییەکان. بۆ نموونە، جیاکاری ئیتنیکی لە نێوان ئەمازیغ و عەرەبەکاندا ڕێگر نەبوو لەبەردەم هەندێك گروپی سەربازی ئەمازیغیدا تاوەکو هاوکاری عەرەبەکان بکەن بۆ پاراستنیان لە هەر توندوتیژی و داپڵۆسینێکی چاوەڕوانکراو کە دوو نەبوو لەلایەن هەندێك گروپی ئەمازیغی ترەوە ڕووبەڕووی ببنەوە. ڕاپۆرتێکی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، کە دەربارەی ڕەوشی سەربازی مەیدانی ئەو کاتەی لیبیا نوسراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «چەکدارە ئەمازیغەکان

لە شاری نالوت ڕێگەیان بە دانیشتوانی عەرەبی ناوچەکانی (الجمیل) و (رقدالین) داوە دەروازەی سنوریی وازن بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی رووبەڕوی کارە توندوتیژییەکانی دانیشتوانی شاری زوارەی ئەمازیغی نەبنەوە، بەهۆی ئەو دوژمنایەتی و ناحەزییەی لە نێوان خەڵکی زوارە و ئەو شارە عەرەبنشینانەدا هەبوو».

سـەرەڕای زاڵبوونی هەڵوێستی ئاشتیخوازی بەسەر جوڵانەوەی ئەمازیغی لیبیا لە دوای شۆڕش،، بەڵام هەندێك ئاماژە لە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر روخاندنی قەزافیدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر دەرکەوتن، ئەو ئاماژانە پێداگری دەکەن لەسەر پەنابردن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی وەك بژاردەیەکی بەرجەستەکراو لەلای ئەمازیغەکان لە کاتی بەدەنگەوە نەهاتن و وەڵامنەدانەوەی خواست و داواکارییەکانیان یان لە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی توندوتیژی و داپلۆسین لە بەرگێکی تازەدا، کە لە سەردەمی رژێمی قەزافیدا لە بەرامبەرییاندا بەکاردەهێنرا. بۆ نموونە ئاماژە دەکەین بە روداوێکی رەمزی کە خۆی دەبینێتەوە لە بانگهێشتکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) بۆ بەشداریکردنی لە کۆنگرەی جیهانی ئەمازیغ، کە لە شوباتی ساڵی 2013دا لەژێر ناونیشانی «کۆڕبەندی بەرکەوتەی دەستوریی ئەمازیغ لە لیبیا» لە تەرابلوسی پایتەخت بەڕێوەچوو. لە روانگەی وروژانی پرسیار دەربارەی مەبەستی بەشداریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستا (pkk) و ئایا ئەوە مەسجێك بووە بۆ حکومەتی لیبیا بە ئەگەری هەڵگرتنی چەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و داواکارییەکانی ئەمازیغەکان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا (عەلی ئەبو ئەلسعود) ئەندامی کۆنگرێسی ئەمازیغی جیهانی بە ناوی لیبیا و سەرۆکی کۆڕبەندی مافی بەرکەوتەی ئەمازیغی وەڵامیدایەوە و وتی: «تەنها حکومەت بەرپرسیارێتی پێنەدانی مافەکانی هەموو خاوەن مافێك دەگرێتە ئەستۆ، هێزیش تەنها بە هێز وەڵامدەدرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەمازیغەکان چەکییان هەڵگرت، چونکە

لەو بڕوایەدا بوون مافەکان تەنها لە ڕێگەی هێزەوە وەردەگیرێن».

بەڵام لەگەڵئەمەشدا، حاڵەتەکانی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز نزیکترە لە هەبوونی چەند دۆخێکی نێوەندکاری لە نێوانشێوازی توندوتیژی و ئاشتیانەدا. وەك نمونەیەك لەوبارەیەوە داخستنی هێڵی گواستنەوەی نەوت و غاز کە بە ناو شاری نالوتی ئەمازیغیدا تێپەڕ دەبێت لە 25ی تەمووزی 2013، ئەوەش لە ئەنجامی هەستپێکردنی ئەمازیغەکان بە پەراوێزخستنیان لە کۆنگرەی نیشتمانی گشتی لیبیا، کاتێك ئامادەکاری دەکرا بۆ دانانی یاسای هەڵبژاردنی دەستەی دامەزرێنەری لیژنەی داڕشتنی دەستور. سەرەڕای ئەوەی هەردوو ئەنجومەنی خۆجێیەتی و سەربازی شاری نالوت دووبارە کردنەوەی هێڵەکەیان ڕاگەیاندا لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بەڵام دواتـر لە هەمانساڵدا ڕوداوی تری داخستنی دامودەزگاکانی نەوت و غاز لە هەردوو کێڵگەی (البوری) و (بحر السلام) لە زوارە و کێڵگەی (ربسۆن) لە ئۆباری، دووبارە بۆوە. سەبارەت بە توندوتیژی ئاشکرا، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر پەنای بۆ نەبراوە لەلایەن ئەمازیغەکانەوە، بەڵام دیسان چەند ئاماژەیەك هەیە هێمادەکەن بۆ ئەگەری فراوانبوونی بازنەی ئەمجۆرە توندوتیژییە، ئەگەر لەلایەن ئەمازیغەکانەوە یان لە دژییان ئەنجامدرابێت. لە فۆرمی یەکەمدا دۆخی دەرچوونی مانگرتوانی ئەمازیغ لەبەردەم بارەگای کۆنگرەی نیشتمانی گشتی لە بازنەی ئاشتیانەیان لە 13ی ئابی 2013 و هەڵسانیان بە چوونەناو بیناکە و تێکدان و شێواندنی ئەوەی لەناویدا بوو، بەرچاو دەکەوێت، بەڵام نموونە دیارەکانی فۆرمی دووەم لە توندوتیژی بریتییە لە هەوڵی شکستخواردووی ڕفاندنی (نـوری ئەلشروری)، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی باڵای ئەمازیغ لە لیبیا لە ڕۆژی 24ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2013 لە شاری یەفرن.

بەمشێوەیە دەکرێت بڵێین: جوڵانەوەی ئەمازیغی لە لیبیا بە

شێوەیەکی سەرەکی بەرەو ئاشتیخوازی هەنگاو دەنێت، بەڵام هێشتا توانایەکی شاراوە هەیە بۆ پەنابردنە بەر توندوتیژی، ئەو توانایەش بە گوێرەی ئەم هاندەر و پاڵنەرانە بەرجەستە دەبێت، کە پەیوەستن بە کۆی گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتە، بە جۆرێك دەکرێت درکبکەین بە هەبوونی پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان بەدەنگەوەهاتنی داخوازییەکانی ئەمازیغ و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و پەیوەندی دژ لە نێوان فراوانبوونی رووبەری پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز بەهۆی پەیڕەوکردنی فشارەکان لەناو گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی سیاسی لیبیا بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ پەنابردنی خودی ئەمازیغەکان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی. جێی ئاماژە بۆکردنە بەشی زۆری ئەو توندوتیژییانە بە توندوتیژی ئاشکرا یان موجەڕەد ناوزەد ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە ناکرێت بخرێتە چوارچێوەی پەیڕەوی ئاشتیانەی کاری سیاسیەوە، بەڵام دەکرێت وەك جۆرێك لە خۆگونجاندن لەگەڵ فۆرمی بەکارهێنانی هێز لێکبدرێتەوە لە سایەی دۆخی پێکنەهاتن لەسەر بنەما گشتییەکانی بەڕێوەبردنی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان، ئەو بابەتەش بۆی هەیە لە سایەی دۆخێکی دیاریکراوداگەشە بکات بۆ چەك هەڵگرتن.

## ئەمازیغەکان و قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی

لە لیبیا قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی بوونی هەیە، هەروەك لە سەرەتای توێژینەوەکەدا باسمانکرد، ئەو قەیرانی سنوری کێشەی ئەمازیغی تێپەڕاندووە، کە لە ئەنجامی وابەستەبوونی کارلێکەکانی ژینگەی سیاسی لیبیا بۆ چەند فاکتەرێك دروستبووە، کە هۆکارن بۆ لاوازکردنی یەکپارچەیی دەوڵەتی لیبیا و بە شێوەیەکی نەرێنیش کاریگەری هەیە لەسەر تۆکمەیی نیشتمانی، ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی قەیرانی پێکەوەنەگونجان و هاوئاوێتەبوون.

گەشەکردنی کێشەی ئەمازیغی لەم قۆناغە مێژوویی و سیاسیەدا، دەرفەتێکی هەڵکەوتووە بۆ یارمەتیدانی ئەمازیغ تاوەکو دەستکەوتی گەورە بەدەستبێنن لە پێناو دانپێدانان بە تایبەتمەندێتی کەلتورییاندا، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی تریان کە بڕیارییان لێدەدرێت، بەڵامله بەرامبەر ئەو سودوەرگرتنەی ئەمازیغەکان لەو لاوازییەی بەسەر دەوڵەتی لیبیادا هاتووە، ئەو پرسیارەی کە پێویستە بکرێت ئەمەیە: ئەمازیغەکان تا چ ئاستێك هۆکارن بۆ بەرجەستەبوونی قەیرانی پێکەوەنەگونجان و هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لە لیبیا؟ یان بە دەربڕینێکی تر، ئایا ئەو باجە چیە دەوڵەتی لیبیا دەیدات لە پێناو بەدیهاتنی ئەو دەستکەوتانەی ئەمازیغەکان؟

بـۆ وەڵامـدانـەوەی ئـەم پرسیارە پێشنیاری دابەشکردنی کارلێککردنەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی بۆ چوار ئاستی ستوونی و ئاسۆیی دەکەین. لەسەر ئاستی دابەشبوونی ئاسۆیی پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان کارلێکە ناوخۆیی یان بونیادییەکانی تایبەت بە ناوخۆی جوڵانەوەی ئەمازیغی و نێوان ئەو کارلێکە دەرەکییانەی تایبەتن بە ژینگەی ژیانی سیاسی لیبیا بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام لەسەر ئاستی ستوونی دەکرێت جیاوازی بکەین لە نێوان رەهەندی کەلتوری و رەهەندی سیاسی پەیوەست بە داخوازییەکانی ئەمازیغ. لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنکردنە چوار جەمسەریەی کارلێکەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی دەکرێت پێوانەی کاریگەری ئەو جوڵانەوەیە لەسەر پرسی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لە لیبیا لەسەر بناغەی کارلێککردنی پێکهاتەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەگەڵ هەریەکە لەو چوار فاکتەرە سەرەکییەی باسکران. پەیوەست بە فاکتەری ئایینی، دەبینین کە کارلێککردنی ئەم فاکتەرە لەگەڵ جوڵانەوەی ئەمازیغیدا، کارلێککردنێکی دووسەرەیە و بە دوو رێـڕەودا رێدەکات. رێڕەوی یەکەم لەسەر ئاستی سیاسیدا دەکەوێتە ژینگەی دەرەکی جوڵانەوەی

ئەمازیغی و کاریگەری هەیە لە بڵاوکردنەوەی فکری ئیسلامی سیاسی لە دەربڕینی هەڵوێستیان بەرامبەر پرسی ئەمازیغی لە لیبیا، هەر لەسەر ئەو ئاستەش بەرەنگاربوونەوەی ئەمازیغی بەردەوامە بەهۆی کاریگەرێتی فاکتەری ئایین لەسەر ژیانی سیاسی، پاشان دەکرێت بڵێین: جوڵانەوەی ئەمازیغی کارناکات لەسەر ئاڵۆزکردنی قەیرانی هاوئاوێتەبوون لەو پێودانگەدا، بەڵکو هەوڵدەدات بۆ سنوردارکردنی کاریگەری فاکتەری ئایین، بەڵام ڕێڕەوی دووەم دەکەوێتە ناو ژینگەی ناوخۆیی جوڵانەوەی ئەمازیغی، بە شێوەیەکی سەرەکیش لەسەر ئاستی کەلتوری، چونکە هەوڵدانی ئەمازیغی بە روونی دەردەکەوێت، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ مەزهەبی (ئیبازی) و دووبارە زیندووکردنەوەی لە لیبیا.

کارلێککردنەکان لە ئاستی ڕێڕەوی دووەمدا بۆی هەیە رووبەڕوی لادانێك ببێتەوە و وایلێبکات بچێتە سەر شەپۆلی ڕێڕەوی یەکەم، بەڵام بەهۆی کاریگەریی پێچەوانەوە قەیرانی هاوئاوێتەبوون ئاڵۆزتر دەبێت، بەڵام رودانـی بـەوەوە بەندە کە داوای زیندووکردنەوەی مەزهەبی (ئیبازی)ی ئەمازیغیەکان بکرێتە داوایەکی سیاسی بنەڕەتی لە نێوان ئەمازیغەکان و بەرامبەرەکانیاندا، واتە زیاتر لەوەی بە شێوەی زیندووکردنەوەی کەلتوری لەناو کۆمەڵگەی ئەمازیغیدا پیشاندەدرێت، بەڵام بەدیهاتنی ئەم خواستە پەیوەستە بە ئەنجامدانی دوو کارەوە: یەکەم، بریتیە لە قووڵکردنەوەی کاریگەرێتی فاکتەری ئایینی لە ژیانی سیاسی لیبیادا، بە جۆرێك کە بەسیاسیکردنی هەموو داخوازی و چالاکییەکی کەلتوری پەیوەندیدار بە ئایینەوە ئاسان بکات، دووەمیش، بریتییە لە هەڵکشاندنی خواست و داخوازییەکانی ئەمازیغ بە ئاراستەی زیندووکردنەوەی مەزهەبی ئیبازی بۆ ئەوەی بتوانێت سنوری لایەنی رۆشنبیری (کەلتوری) ببەزێنێت بەرەو پێودانگی لایەنی یاسایی (تەشریعی) لەناو پەرلەمان.

بەڵام فاکتەری دووەم، کە پەیوەندیدارە بە کاریگەریتی خێڵەکان لەسەر ژیانی سیاسی لیبیا، بە جۆرێك کە کاریگەرێتی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەسەر ئاستی پێودانگی سیاسی ناوخۆیی جووڵانەوەکە بەڕێوە دەبرێت، جیاوازیەکەش لە نێوان خێڵەکانی تەواریق و ئەمازیغەکاندا بە روونی دەردەکەوێت بە جۆرێك کە کاریگەرێتی خۆی دەنوێنێت لەسەر کارلێککردنەکانی جوڵانەوەی ئەمازیغی، چونکە خێڵە تەواریقەکان لە بنەڕەتدا ئەمازیغین، بەڵام لە مێژوودا بەجیا لە بەشەکانی تری پێکهاتەی ئەمازیغی گەشەیان کردووە، ئەم جیاوازییەش دانی پێدانراوە. سەرەڕای هەوڵدانی ئەمازیغەکان بۆ یەکخستنی هەوڵوتەقەللاکانیان لەنێو خۆیاندا و هەوڵییان بۆ سنوردارکردنی کاریگەری جیاکاری خێڵەکی/کۆمەڵایەتی تەواریقەکان، بەڵام هێشتا دەبینین نوێنەرایەتیکردنی سیاسی دابەشبووە لە نێوان هەردوو باڵەکەی پێکهاتەی ئەمازیغی، چونکە لە بەرامبەر خۆسەپاندنی ئەنجومەنی باڵای ئەمازیغی لیبیا وەك تاکە نوێنەری ئەمازیغەکان، دەبینین کە تەواریقەکانیش لە 28ی شوباتی 2013دا دامەزراندنی (ئەنجومەنی باڵای تەواریق)یان لە شاری ئەوال راگەیاند، ئەمە جگە لە هەبوونی ئەنجومەنی راوێژکاری خێڵ و هۆزەکانی تەواریق.

لێرەدا پرسیار ئەمەیە: ئایا کاریگەری ئەو دابەشبوونە لەناو جوڵانەوەی ئەمازیغی چییە لەسەر قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لە لیبیا. لە رووی تیۆرییەوە، دەبینین کە ئەم دابەشبوونە هۆکارێکە بۆ ئاڵۆزتربوونی قەیرانەکە، ئەویش بە هۆی زیادبوونی دابەشبوونی سیاسی لەسەر بنەما ئیتنیکی و خێڵەکییەکان، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە، راستی روداوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کاریگەرێتی ئەو دابەشبوون و دابڕانە بە پێچەوانەوە دەردەکەوێت، ئەوەش لەلایەك لە گۆشەنیگای دەرکەوتنی وەك (نەیار) لە بەرامبەر هێزی پێکهاتەی ئەمازیغی، لە لایەکیتریشەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە

گوتاری سیاسی تەواریقەکان کەمتر رادیکالییانە دەردەکەوێت، ئەگەر لەگەڵ گوتاری سیاسی ئەمازیغیدا بەراوردی بکەین.

پاشان دێینە سەر باسی فاکتەری ناوچەگەرێتی، کە تێیدا ئاڵۆزی و ناوچوونیەکی لە بۆتەی کارلێککردنی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەگەڵ ئەم فاکتەرەدا دەردەکەوێت. هەموو ئەم کارلێککردنانەش لە بنەڕەتدا قاڵبێکی سیاسی وەردەگرن و زۆربەیان پەیوەستن بە ژینگەی دەرەکی جوڵانەوەی ئەمازیغیەوە، هەرچەندە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دابەشبوونە بونیادییەکانی خودی جەستەی پێکهاتەی ئەمازیغی. لەسەر ئاستی بەشداری سیاسی، لە توێژینەوەکەدا ئەو بەریەککەوتنەمان روونکردەوە، کە هەیە لە نێوان خواستی ئەمازیغەکان بۆ نیشاندانی جیاکاری ئیتنیکی لەسەر حسابی جیاکاری ناوچەگەرێتی (هەرێمیی) وەك بناغەی بەشداریکردنی سیاسی، بە تایبەتیش لەناو پێکهاتەی کابینەی حکومەت و پرۆسەی دارشتنەوەی دەستور، پاشان هەوڵی ئەمازیغ لەم پێودانگەدا بە ئاراستەی بەرجەستەکردنی ئەم رەهەندە کارناکات، کاریش ناکات لەسەر ئاڵۆزکردن و وروژاندنی قەیرانی پێکەوەگونجان و هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی.

لە ئاستی پێودانگێکی تری کارلێککردن، تێبینی دەکرێت کە جـوڵانـەوەی ئەمازیغی کەڵکی لە هەڵکشانی کێرڤی رەهەندی ناوچەگەرێتی وەرگرتووە، ئەوەش لە گۆشەی لاوازکردنی هێزو دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و کەمکردنەوەی قەڵەمڕەویەکەی لە بەڕێوەبردنی شار و هەرێمەکانی دەوڵەتی لیبیا، بە جۆرێك رێگەبدات بە ئازادی جووڵانەوەیەکی فراوانتری ئەمازیغەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی (بە ئەمازیغیکردنی) سێکتەر و لایەنەکانی ژیان لەو شارانەدا کە زۆرینەی دانیشتوانیان ئەمازیغین، پاشان پێدەچێت جوڵانەوەی ئەمازیغی لەو ئاستەدا کاربکات بۆ ئاڵۆزکردن و وروژاندنی قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لە لیبیا، بەڵام لە لایەکیترەوە، بەهۆی بەریەککەوتن لەگەڵ

ئەو باسەی لە بەشی پێشوودا خرایەڕوو دەربارەی دابەشبوون لەناو جوڵانەوەی ئەمازیغی لەسەر بنەمای خێڵەکی، هەروەها ئاماژەکرا بۆ گوتاری کەمتر رادیکالی تەواریقەکان، لە ئەنجامدا دەبینین کە ئەنجومەنی باڵای تەواریقەکان پێداگری لەسەر دژایەتیکردنی سیستمی فیدراڵی و گرنگی پشتیوانیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتدەکات، هەرچەندە خۆی نەکردووەتە کەڵسوری بەر لەشکر لەڕووی پشتیوانیکردن لە نامەرکەزی ئیداری، کە بووەتە یەکێك لە سیما ئاشکرا و دیارەکانی سیاسەتی لیبیا.

لە کۆتاییدا، فاکتەری چوارەم دەمێنێت، کە تایبەتە بە چەك. بە تێکڕایی دەتوانین بڵێین: ئەمازیغەکان لە هەموو فاکتەرەکانی تر کەمتر پەنا دەبەنەبەر بەکارهێنانی فاکتەری چەك بۆ ئاڵۆزکردن و بەرجەستەکردنی کاریگەرییەکانی لەسەر قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لە لیبیا. لە سەرەتاوە ئەم فاکتەرە لەو (3) فاکتەرەی دیکە جیاوازە، چونکە کەمتر بەشدارە لە دروستکردنی کاریگەرێتی لەسەر کارلێکە سیاسییەکان. بۆ نموونە ئایین لە بنەڕەتدا فاکتەرێکی کەلتورییە، خێڵیش فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی و ناوچەگەرێتیش فاکتەرێکی جوگرافیە، هەمووشیان دەرهاویشتەی نەگۆڕن ناکرێت وەلا بنرێن بەو پێیەی کە بەشێکی جیانەکراوەن لە سروشتی دەوڵەت و کۆمەڵگەی لیبیا، بەڵام فاکتەری چەك و بڵاوبوونەوەی چەك و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر ژیانی سیاسی دروستی دەکات، هەموویان لە بنەڕەتدا بەندن بە رێڕەوی شۆڕشی لیبیا، هەروەها کاریگەری چەك لە بنەڕەتدا کاریگەرییەکی دەرەکییە، واتە بە شێوەیەکی گشتی بەرۆکی زۆربەی کاراکتەرەکانی ژینگەی سیاسی دەگرێتەوە.

پەیوەست بە جـوڵانـەوەی ئەمازیغی، دیـارە کە لە بنەڕەتدا وەك جووڵانەوەیەکی خاوەن بیرکردنەوەی ئاشتیانە دەردەکەوێت، ئەمازیغەکانیش زیادکردنی کاریگەرێتی فاکتەری چەك بە بەرژەوەندی خۆیان نابینن، لەبەر ئەوە وەڵامدانەوەیان بۆ گرتنەبەری ئەم فاکتەرە سستە، بەڵکو وەك بژاردەیەك بە شێوەیەکی لاوەکیانە نەك راست و رەوان، بەڵکولە

دوای تەواوبوونی هەموو ئەڵتەرناتیڤە ئاشتیخوازییەکان پەنای بۆ دەبەن. لە بەرامبەریشدا پێشبینی دەکرێت لە کاتی گەشەکردنی رەوتی داواکردنی مافی ئۆتۆنۆمی و لە حاڵەتی پێداگریکردنیان لەسەر چڕکردنەوەی ستراتیژی داخستنی دامودەزگاکانی نەوت و غاز و دەروازە سنورییەکان، ئەمازیغەکان بە شێوەیەکی زیاتر پەنا ببنە بەر بەکارهێنانی چەك لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، بە هەنگاوەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاردەکەن بۆ دانانی داهاتەکان لەناو گەنجینەی شارە ئەمازیغنشینەکاندا، هەرچەندە لەوانەیە لە کاتی سەرکەوتنی ئەو فشارانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرامبەر لیبیا تایبەت بە پرۆسەی داڕشتنی دەستوری نوێ پیادەیان دەکات بە ئامانجی لەبەرچاوگرتنی فرەجۆری ئیتنیکی کۆمەڵگەی لیبیا، ئیتر پێویست نەکات بژاردەی ئاڵۆزکردن و هەڵکشان بەو ئاقارەدا بڕوات.

## کۆتایی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی توانای جوڵانەوەی ئەمازیغی لەسەر پێکەوەگونجان لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرانەی زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر لەسەر دینامیکیای ژیانی سیاسی لە لیبیا، کە دەبێتە هۆکاری خولقاندنی قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لەو وڵاتەدا، بە تایبەتی ئەو فاکتەرانەی توێژینەوەکە بە فاکتەرەکانی: ئایین، خێڵەکی، ناوچەگەرێتی و چەك دیاریکردوون. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە لە تەوەری سێیەمیدا هەوڵیداوە دەستبەرێت بۆ هەموو رەهەندێك لە رەهەندەکانی پەیوەندیدار بە جوڵانەوەی ئەمازیغی، بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێك بەرئەنجامی گشتی و پەیوەست بە بڕگەی یەکەم لە کێشەکانی لێکۆڵینەوەکە. هەروەها توێژەر، لە تەوەری چوارەمدا هەوڵیداوە ئەو بەشە چارەسەر بکات کە پەیوەندیدارە بە کاریگەری پێچەوانەی جوڵانەوەی ئەمازیغی لەسەر هەر چوار فاکتەرە سەرەکیەکە، پاشان دیاریکردنی کاریگەرێتیان

لەسەر کێشەی پێکەوەگونجان و هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی لە لیبیا.

ئەو گریمانەیەی کە توێژیوەکەمان هەوڵیداوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامبدات دەڵێت: جوڵانەوەی ئەمازیغی کاریکردووە لەسەر خۆخەریککردن بە قەیرانی هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی، بەو ئاستەی کە هۆکاری وروژاندن و ئاڵۆزکردنی بووە. سەرەڕای ئەوەی راستی و دروستی ئەم گریمانەیە بۆ خۆی بووەتە تەڵەزگە لە هەمبەر دووبارە بونیاتنانەوەی دەوڵەت لە لیبیا لەسەر بناغەی پارێزگاریکردن لە هێزی تۆکمەیی نیشتمانی، بەڵامئەمە رێگر نییە لەبەردەم هەوڵی کارکردن لەسەر هەڵوەشاندن و نەهێشتنی ئەو تەڵەزگەیە، لە رێگەی پێشنیارکردنی تێڕوانینێك، کە لەوانەیە ببێتە لەبەرچاوگرتنی بە ئاراستەی گرتنەبەری رێڕەوێکی جیاواز، کە بۆی هەیە کۆدەنگی نیشتمانی بەدەستبێنێت بەبێ پێشێلکردنی مافەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی لیبیا. ئەو تێڕوانینە پێشنیارکراوە پشتدەبەستێت بە روانین بۆ جوڵانەوەی ئەمازیغی بە گوێرەی دابەشبوونی چوار جەمسەری، ئاسۆیی و ستوونی، کە لە تـەوەری چوارەمی ئەم توێژینەوەیەدا پێشکەشمان کرد، لە کاتێکدا کارلێکەکانی ئەو جوڵانەوەیە یان ناوخۆیین لەناو خودی ئەمازیغەکان، یان دەرەکییە لە هەمبەر هێزو لایەنەکانیتری پرۆسەی سیاسی لە لیبیا، یاخود ئەوەتا کارلێککردنەکان هەڵگری سیمایەکی کەلتورییە و پەیوەندی بە ناسنامەی ئیتنیکی یان بەو کارلێککردنانەوە هەیە، کە روپۆشێکی سیاسییان هەڵگرتووە.

لە سەرەتاوە خستنەڕووی ئەم تێڕوانینە، پێویستدەکات بە شێوەیەکی زۆر چڕو ورد ئاماژە بکرێت بۆ جەوهەری هەندێك دیـاردە و چەمکی وەك: ئیتنیك، مشتومڕی جیاکاری و یەکسانی، هاوئاوێتەنەبوونی نیشتمانی و ئاشکراکردنی ئاستەکانی کارلێککردن و هاوپەیوەندی لە نێوان ئەم دیاردانەدا، کە بوونەتە بابەتی توێژینەوەکە. لە شیکردنەوەیەکی (تۆماس ئەریکسن) بۆ سیاسەتەکان کە لەسەر چەند بنەمایەکی ئیتنیکی چڕکراوەتەوە، دەڵێت: «هەرچەندێك

جیاوازی کەلتوری لە نێوان گروپ و پێکهاتەکاندا زۆر بێت، لایەنی ئیتنیکی نابێتە چارەنوس»، چونکە ئیتنیك بە بۆچوونی ئەریکسن ناچێتە خانەی گروپەکانەوە، بەڵکو دەکەوێتە نێوانیان، کاریگەرییەکەی دەریشناکەوێت تا ئەو کاتەی جیاوازییە کەلتوری و رۆشنبیرییەکان کاریگەری خۆیان لەسەر سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی درووست نەکەن، نەك لەسەر ئاستی رۆشنبیری سیمبوڵی، واتە (تایبەتمەندی ئیتنیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵایەتی شیاو لەبەر رۆشنایی بارودۆخەکە)، بەو شێوەیەش کاریگەرییەکی رەها نییە.

ئەم روانینە ئاشنامان دەکات بە تێڕوانینێکی تری پەیوەندیدار بە باسەکەمان، ئەویش بنەمای «پوچەڵکردن»ی برایان باری-یە، کە بە بنەڕەتی سیاسەتەکانی فرەیی کەلتوریی دادەنرێت. یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی پشتیوانیکردنی فرەیی کەلتوریی وایدەبینێت، کە بێهیوایی لە گرتنەبەری سیاسەتەکانی «یەکسانیبوون» مانای ئەوەی نییە کە گرتنەبەری «سیاسەتی جیاوازیکردن» دەبێتە ئەڵتەرناتیڤێکی دروست. باری بیرۆکەکەی روندەکاتەوە و دەڵێت: «مەینەتییەکانی هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان لە رووی کەلتورییەوە مانای ئـەوە ناگەیەنێت کە هۆکاری مەینەتییەکە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان، بەڵکو پێدەچێت پەیوەندی بەو ئامانجانەی هەبێت، کە تێیدا لەگەڵ گروپەکانیتردا هاوبەشن، پاشان وەڵامدانەوە یان بانگەشەکردن بۆ سیاسەتەکانی فرەیی کەلتوری، پێویستە بگونجێن لەگەڵ سروشتی ئەو پرسیارەی دەکرێت، یان لەگەڵ ئەو کێشەو گرفتانەدا کە رووبەڕوویان دەبنەوە. دەوڵەتانی باشور، بە تایبەتی دەوڵەتانی ئەفریقیا لە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە پێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی پشتبەستوو بە ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا، لە بواری بەڕێوەبردنی فرەیی ئیتنیکی کۆمەڵگەکانیاندا بەرەوڕووی چەندین قەیرانی قووڵ و توند بوونەوە، ئەوەش لە ئەنجامدا

بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ و سەرهەڵدانی چەندین کێشەو گرفت لەبەردەم پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت و هەڵسانی بە ئەرکە سەرەکییەکانی. بۆ تێگەیشتن لە سروشتی گرفتەکە، پێویستە لەسەرمان لێرەدا جیاوازییەك لە نێوان هاوئاوێتەبوونی تائیفی و هاوئاوێتەبوونی پیشەیی بکەین، بەو پێیەی کە دوو ڕێبازی جیاوازن بۆ بەدیهێنانی هاوئاوێتەبوونی نیشتمانی، چونکە پەیڕەوکردنی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی هەندێك ئەنجامی جیاواز لە یەکتری.

قەیرانەکانی هاوئاوێتەبوونی نیشتمانی لەم فۆڕمە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی گروپ یان تاقمی هەژمووندار بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانی «هاوئاوێتەبوونی تائیفی»، کە ئامانجی گەیشتنە بە پێکەوەلکاندنی گروپەکانیتر بەزۆر و لەناویەکدا تواندنەوەیان لە پێناو دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو، وەکئەوەی تاکە ئامانجی دیاریکراو بریتی بێت لە هاوئاوێتەبوونی نیشتمانی، بە چاوپۆشین لەو دەرئەنجامانەی لە ڕێگەی بەزۆر سەپاندنیەوە بەدی دێت. لە بەرامبەر ئەم «هاوئاوێتەبوونە تائیفیە»دا، شێوازێکی تر بوونی هەیە ئەویش «هاوئاوێتەبوونی پیشەیی»یە، کە لە ڕێگەیەوە کاردەکرێت لەسەر هاوسەنگبوونی نێوان بەرژەوەندییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و زاڵکردنی فاکتەرە نیشتمانییە کۆکەرەوەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بەبێ هەوڵدان بۆ تواندنەوەی هیچ پێکهاتەیەك بەزۆر لەناو بۆتەی گروپی گەورە یان باڵاو خاوەن هەژمووندا. لیبیا بە نموونەی دیاری شکستخواردنی سیاسەتەکانی هاوئاوێتەبوونی تائیفی دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی قەزافی کۆمەڵێك سیاسەتی پەیڕەو کرد، کە ئامانجییان لەناوبردنی ئەمازیغ و لە ڕەگەوە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەو ناسنامەیە بوو لە لیبیا، بەڵام ئەو سیاسەتانە سەرکەوتوو نەبوون لە زاڵبوون بەسەر ناسنامەی ئەمازیغیدا، بەڵکو بوونە هۆی کەڵەکەکردنی هەستکردن بە چەوساندنەوە لەلای ئەمازیغەکان، ئەوەش هۆکارێك

بوو بۆ دروستکردنی ئەو شێوازە رادیکاڵییە روو لە وتاری ئەمازیغیدا لە دوای روخانی قەزافی. بەڵام لە بەرامبەردا، دەبینین ئەو پرسیارەی دەبێت بکرێت ئەمەیە: ئایا زێدەڕۆییکردن لە پێداگری لەسەر ناسنامەی ئیتنیکی لەلای ئەمازیغەکان دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هاوڵاتی لیبی بە رەچەڵەك ئەمازیغی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت؟

ئەوەی لێردا بە کورتی پێشنیاری دەکەین، بریتییە لە گرنگی جیاکردنەوە لە نێوان (کەلتوری) و (سیاسی) لە پێودانگی تێڕوانین بۆ تایبەتمەندی رۆشنبیری و کەلتوری ئەمازیغەکان و مامەڵەکردن بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ سروشتی ئەو کێشەو گرفتانەی رووبەڕوی دەوڵەتی لیبیا بوونەتەوە. ئاسانترین پێناسەی گەل ئەمەیە «کۆمەڵێکن لە دانیشتوانی وڵاتێك حەزدەکەن پێکەوە بژین». پاشان بونیادنانی کۆدەنگی نیشتمانی پێویستی هەیە بە فۆکسدانان لەسەر ئەو پرس و بابەتانەی، کە تێکڕای لیبییەکان رووبەڕویان دەبنەوە، جگە لە سنوردارکردنی کاریگەری فاکتەرەکانی وابەستەیی سەرەتایی لە رووی دیاریکردنی ئاراستەی ئەو هەڵوێستانەی لە هەمبەر ئەو پرس و کێشانەدا دەگیرێنەبەر. لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو قسانەی لە بڕگەکانی پێشوودا دەربـارەی پرسی ئەمازیغی هاتووە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵگرتنی ئەو ستەمکارییەی لە بەرامبەر هاوڵاتیانی لیبیا لە رەچەڵەکی ئەمازیغی ئەنجامدراوە، کارێکی پێویست بووە بۆ زیندووکردنەوەی ناسنامەی ئیتنیکییان، بە هەموو ئەو رێگایانەی دەیخوازێت بۆ دانپێدانان بە مافە زمانی و کەلتورییەکانیان و پەنانەبردنی دەوڵـەت بۆ داڕشتنی هەرجۆرە سیاسەتێك کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاربکاتە سەر ناسنامەی ئەمازیغی، بەو پێیەی کە ئەوە مافێکە لە مافەکانیان و پێویستە نەخرێتە چوارچێوەی ئاراستەی پەیوەندییەکانی ئەو گروپە ئیتنیە بە پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی لیبیا، لەبەر ئەوە بەدیهێنانی ئەم هەنگاوە بەند نییە بە رێکارە

تەقلیدییەکانی پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتەدا، چونکە ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا پەیوەست ناکرێت بە خواستی زۆرینەو دەنگدان لەسەری.

لە لایەکیترەوە، نابێت تەنها وەك پرسێکی قەتیسکراو بەم کەمینەیە تەماشای گەشەکردنی لایەنە کەلتوریی و ناسنامەییەکانی تایبەت بە پێکهاتەی ئەمازیغی بکرێت، بەڵکو پێویستە ئەو کۆسپە تێپەڕێنرێت بەرەو بڵاوکردنەوەی سیما کەلتورییەکانی تایبەت بە ئەمازیغەکان لەناو هەموو کۆمەڵگەی لیبیا، بە مەبەستی شکاندنی کۆسپ و بەرگرە سایکۆلۆژی و ناسنامەییەکان لە نێوان رۆڵەکانی ئەو کەمینە ئیتنییەدا، لەگەڵ سڕینەوەی هەموو هێڵەکانی جیاوازی کەلتوری لە نێوان ئەمازیغ و پێکهاتەکانی تردا. بە واتایەکیتر، دەبینین جەوهەری کێشەی کەمینەکان بە شێوەیەکی گشتی لە هەستکردنیان بە نەبوونی ئینتیمای تەواو بۆ کەلتوری پێکهاتەی گەورە و هەژموندار لە کۆمەڵگەدا بەدیدەکرێت، پاشان هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کێشەو گرفتی هەر کەمینەیەك دەبێت بە ئاستێکی قووڵ کار بکات لەسەر گرتنەبەری سیاسەتێکی کەلتوری، کە هۆکار بێت بۆ رەواندنەوەی ئەم هەستکردنە بە لەدەستدانی ئینتیما و دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان گروپی گەورەی هەژموندار و ئەو گروپەدا، کە نوێنەرایەتی کەمینە دەکات، ئەوەش لە رێگەی بەیەکتری ئاشناکردنی کەلتوری هەردوو گروپەکە و بڵاوکردنەوەی لەناو کۆمەڵگەدا، بەو جۆرەی یارمەتیدەر بێت لە دۆزینەوەی ناسنامەیەکی هاوبەش و بەکۆمەڵ تا ببێتە ژێرخانێکی قووڵی یەکگرتوویی نیشتمانی.

لە بەرامبەریشدا، بەرپرسیارێتی سیاسی داوا لە هەموو لیبییەکان دەکات، بە ئەمازیغ و غەیرە ئەمازیغەوە، کە دوور لە روئیایەکی بەرتەسکی پەیوەست بە زاڵبوونی ئینتیمای نانیشتمانی ئیتنیکی و خێڵەکی و ناوچەگەرێتی، لە کێشەو گرفتەکانی بەردەم بونیادنانی دەوڵەت بڕوانن، چونکە ئەو کێشە و گرفتانە بە تەنها روو لە خێڵێك

یان پێکهاتەیەك یان خەڵکی شارێك ناکەن بەبێ ئەوانیتر. سەرجەم ئەو کێشانەی رووبەڕوی ئەمازیغەکان بوونەتەوە لە ئەنجامی جیاوازی ئیتنییانەوە دروستنەبوون، پاشان پێداگریکردن لەسەر روانین بە دوربینێکی ئینتیمائاسا لە دەرەوەی بیرکردنەوەی نیشتمانیانە بۆ ئەو کێشەو پرسانەی جێی مشتومڕو ململانێن، جگە لە دابڕان و دابەشبوونی زیاتر هیچیتر بۆ کۆمەڵگەی لیبیا بەرهەم ناهێنێت.

لە کۆتاییدا، بۆ نیشاندانی راستی ئەم پرسە، ئاماژەیەك دەکەین بۆ هەڵبژاردنی (نوری بوسەهمین) بە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی لیبیا. بۆ نموونە ئەگەر کارلێکەکانی پرۆسەی سیاسی بخرایەتە قاڵبی جیاوازییە ئیتنیکییەکان، ئەوا رێژە و ئامارە ئاشکراکراوەکان سەبارەت بە ژمارەی ئەمازیغ لەناو کۆی ژمارەی گەلی لیبیا یارمەتیدەرییان نییە تا ئەو پۆستە باڵایە وەربگرن، کە بە باڵاترین پۆستی سیاسی لیبیا لە قۆناغی گواستنەوەی دوای شۆڕش دادەنرێت، لە چاکترین باریشدا ئەمازیغەکان دەیانتوانی تەنها پۆستی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی وەربگرن. هەروەها وەرگرتنی ئەم پۆستە یان هەر پۆستێکی باڵای تر، رەوشی کەمینەی ئەمازیغی لەسەر بەند نییە، بەو ئاستەی بەڕێوەبردنی ئەوە دۆسیە نیشتمانییانەی لەسەر بەندە، کە بۆ هەموو لیبییەکان گرنگە، بە شێوەیەك بەدیهێنەری یەکسانی بێت لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، بەبێ پێویستبوون بە دروستکردنی ناکۆکی و گرفتی ناپێویستی تایبەت بە ناسنامەگەرایی، بەڵام پێداگریکردن لەسەر بەشبەشکاری سیاسی لەسەر بنەمای ئیتنیکی، ئەوەندە دەستکەوت بۆ کەمینەی ئەمازیغی زیاد ناکات، بەقەدەر ئەوەی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی دابەشبوونی زیاتر لە نێوان رۆڵەکانی یەك نیشتمان. لەم رووەوە ئەوەی سەبارەت بە جیاوازی ئیتنیکی ئەمازیغ راستبێت، سەبارەت بە چڕبوونەوە لەسەر جیاوازییە خێڵەکی و ناوچەییەکانیش راستە، کە جەستەی دەوڵەتی لیبیا هەڵدەکۆڵن.

## کورتەیەک دەربارەی نوسەر

بیلال عەبدوڵڵا:

لە ساڵی 2013 بڕوانامەی دبلۆمی زانستی سیاسی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەفریقی لە زانکۆی قاهیرە بەدەستهێناوە، ئێستاش لە هەمان پەیمانگەدا پرۆگرامەکانی ماستەر دەخوێنێت. کۆمەڵێك توێژینەوەی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: (هاوئاوێتەبوونی نیشتمانی و گۆڕانی دیموکراتی لە دوای شۆڕشە عەرەبییەکان..ئەمازیغی لیبیا بە نموونە)، (دیموکراسی شکستخواردوو: ڕێڕەوی جوڵانەوە هاوچەرخە عەرەبییەکان لە پێناو دیموکراسی)، بەیروت- سەنتەری توێژینەوەکانی یەکێتی عەرەبی – گروپی دیموکراتی عەرەبی، 2014، (شۆڕش و سیاسەتی دەرەوەی میسر: واقیع و پێشبینییەکان)، پەیمانگەی عەرەبی بۆ توێژینەوەکان، 11ی ئاداری 2014، (ململانێی ئیبێ لە نێوان لۆژیکی دەوڵەت و لۆژیکی خێڵ)، پەیمانگەی عەرەبی بۆ توێژینەوەکان، 10ی کانوونی یەکەمی 2013، (نارەزایەتییەکانی بەحرێن لە نێوان کارلێککردنە ناوخۆیی و هەرێمییەکاندا)، دۆسیەی ئەهرامی ستراتیژی – قاهیرە: سەنتەری توێژینەوە سیاسی و ستراتیژییەکان، ئەیلولی 2011).

**سەرچاوە:**

مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیە.

ص.ب: 4567 – ابوظبی – دولە الامارات العربیە المتحدە

E-mail: pubdis@ecssr.ae

Website: http:www.ecssr.ae

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |